# گەوجاندن

## 4چیرۆکی تەنزئامێز و رەخنەگرانەی سەردەمی گەوجاندن

وەرگێڕانی : نوری کەریم

ناوی کتێب : گەوجاندن

نوسەر: محەمەد عەبدلخالیق

وەرگێڕ : نوری کەریم ئەحمەد

بابەت : چیرۆک

هەڵەچنین : میهرەبان عەلی

دیزاینی ناوەوە :

دیزاینی بەرگ :

چاپکردن :

## پێشەکیی کتێبەکە

ئەگەر ویستت کانزاو ناوەڕۆکی راستینەی نوسەرێکی گەورە،شاعیرێکی ناسراو، یا شێوەکارێکی بەهرەمەند بزانیت، پێویستە شقلیو

پقلی یەکانی سەردەمی منداڵی وهەرزەکاری یەکەی ببینیت[1].

ئەگەر توانیت نوسینەکانی سەردەمی هەرزەکاری یەکەی بخوێنیتەوە، وێنەکانی منداڵی یا هۆنراوەکانی تافی بلۆقبون تەماشا بکەیت ئینجا ئاستی تواناو بەهرەمەندیی ئەو کەسە دەردەکەوێت و سەرچاوە راستینەو چەسپاوەکانی خۆپێگەیاندن وخوێندەواری یەکەی،کانیاوەکانی تێرئاوکردنی بەهرەکانی دەزانیت وئاشکرادەبن[2] .

من دوای ئەزمونی نزیکەی 30سی صاڵ نوسین بەئەم راستی یە گەیشتوم و دەڵێم ئەوە ئاسانە مرۆڤ تواناکانی بەرەو پێش بەرێت وپێشبخات، زۆرێک لە بەربەستەکان تێپەڕێنێت کەرێگربون لەبەردەمیدا،دەتوانێت گەلێک فێڵ و چاوبەست فێربێت بۆجوانکردن و سفت

وسۆڵکردن و مشتومالْکردنی بەرهەمەکەی،جا ئەو بەرهەمە هۆنراوە،چیرۆک، تابلۆ یا فیلم و .. بێت(3) .

نوسەر و هونەرمەند دەتوانن کاریگەرییان لەسەرخوێنەر و تەماشاوان هەبێت،تەنانەت لەسەر رەخنەگرە پسپۆڕ و پیشەکارە کانیش.دەتوانن بەرتیل بە رەخنەگر بدەن ،بەرتیل بەخوێنەریش بدەن،هەریەکەیان بەجۆرێک،یەکێکیان بە پارە،یەکێکیان بە نوسین لەسەر ئەو ئایدیایەی کە ئەو باوەڕی پێیە،ئیتر خوێنەر یا تەماشاوان چەواشە دەبێت و لەبری ئەوەی بایەخ بە لایەنە هۆنەری یەکە بدات،چاوی لەسەر (مەبەستەکە،کێشەکە،ئامانجی شاردراوەی نێو بەرهەمەکەیە!)،بەڵام ئەگەر دەستت بە بەرهەمە سەرەتایی یەکانی نوسەر یا

هونەرمەندەکەدا بگات،ئاستی راستینەی
بەهرەوتوانا هونەریی یەکانی دەزانیت،دور
لەزیادەرۆیی جەماوەر،دڵپیسیی  رەخنەگران یا
رق و کینەی رکابەر و ناحەزەکان .جائەگەر
شقلیوپقلی یەکانی منداڵی وهەرزەکاریی ببینیت
کە خۆی شەرمیان لێدەکات وتەریقیی
دایدەگرێت یا هەر بڵاویشی نەکردونەتەوە،زۆر
شت تێدەگەیت.

پێدەچێت کەموکورتی ولاوازیی لایەنی
زمانەوانیی وکورتبینی وکەمفامی ،گرێی دەرونی..
هەر هەمو ئەمانە کارە بەراییی یەکانی نوسەر و
هونەرمەند پەردەیان لەسەر لادەدەن .[4]

زۆرێک لە هونەرمەندە مەزنەکان دەخوازن
وهەوڵیشدەدەن ئەو نهێنی یانە لە جەماوەر
بشارنەوە، بەوهۆیەوەش هەندێک لە
ئەکتەرەکان بەرهەمە بەراییی یەکانی پێش

نێوبانگ و سوپەرستار دەکرێنەوە و زیندە بەچاڵی دەکەن بۆئەوەی رووە گەش وپرشنگدارەکەیان کاڵنەبێتەوە. هونەرمەندە شێوەکارە مەزنەکان ئەو کارەیان کردووە،تابلوکانی سەردەمی لاوێتی یان لەنێودەبرد بۆ شاردنەوەی چەند خەوشێکی تەکنیکی زەق، یا لەوباوەڕەدابون کە بلیمەتیی لەیەکەمین تابلۆدا دەردەکەوێت!

شاعیرێکی ناسراوی ئەم سەردەمە ،یەکەمین دیوانیی لە لیستی بەرهەمەکانیدا دەرهێنا، ئێستا ئەو دیوانە وەک منالێکی زۆڵ ، بێ باوانە!

دانە دانەیەک لەوانەی دەگەنە ئاسمانی سوپەر ستار،شانازی بە بەرهەمە بەرایی یەکانی خۆیانەوە دەکەن،ئەمە دروستە،بەڵام ئەوانەی پێچەوانەی ئەمانن زۆر هەڵەن،چونکە دەستپێکی کارەکان بەشێکە لە ئەزمونەکە و پلەیەک یا چەند پلەیەکە لە پەیژەیەکی درێژی

فرەپلە و ئەگەر ئەوە نەبێت ئەوانیش نەدەگەیشتنە ئەو بەرزی یەو مرۆڤیش پێشنەدەکەوت.

کۆمەڵە چیرۆکێکی چیرۆکنوس دکتۆر محەمەد عەبدلخالیق لەبەر دەستماندایە کە یەکەمین بەرهەمێتی، (شقلیوپقلی یەکانی) هەرزەکاریشی لەخۆگرتووە،بەڵام وەهای لێدەخوێنینەوە کە بەهرەیەکی هەیەو بە دو تایبەتمەندیی جیادەکرێتەوە، یەکەمینیان بەهرەیەکە توانای گەشەکردنی هەیە،ئەوەش بەوهۆیەوە کە نوسەر  بنەماکانی چیروکنوسینی لەبندەستدایە و پێویستی بە هەوڵێکی زۆر نییە بۆ گەشە پێدان و مشتومالکردنی  سەلیقەو  بەهرەکانی.دوەمین تایبەتمەندیش توانای گەیاندنی ئەوەیە کە دەیەوێت.گرنگترین مەرجەکانی بەهرەی گەیاندنیش بریتی یە لە چێژ وەرگرتن،سادە

وساكاریی و دەربڕینێک کە گوزارشت لە بارودۆخەکە بکات،خوێنەر و بینەر خۆیانی تێدا ببیننەوەجا نوسینەکانی محەمەد عەبدلخالیق هەر هەمو ئەو مەرجانەی تێدایە،سادەو ساکار و بێ رتوش چێژێک بە خوێنەر  و تەماشاوان دەبەخشێت  بێ بەکارهێنانی وشەی قەبەو رەنگارەنگ وموزیکامێز[5].

یەکەمین بەهرەکانی ئەم چیرۆکنوسە ئەوەیە دەتوانێت دامەزراندنی شیرازەو رایەڵەکانی چیرۆک یا چیرۆکنوسین بەدەستسوکی و تواناوە بچنێت ،ئیتر خوێنەر و تەماشاوان ئەبڵەق وحەپەساو لە سەرەتای چیرۆکەکەوە هەتا کۆتایی لەتەکیدا رێدەکەن و چێژ لەو روناکی یە کزەش دەبینن کە بە ئەنقەست بۆیان هەڵدەکات،ئیتر تۆ، نە لە روناکیدایت و نە لە تاریکیشدا پەلدەهاویت[6].

له چیرۆکی(جلی ژێرەوەدا) کە دەستپێدەکات، لێدەگەڕێت تۆ بۆخۆت بیربکەیتەوەو ئەوە بێنیتە بەرچاوت کە دەتەوێت، ئینجا لە کۆتایی چیرۆکەکەدا کەوانەکە دادەخات.

له چیرۆکی (کەسێکی نامۆ- جنۆکە)دا، بێ لێکدانەوە چیرۆکەکەت بۆ دەگێڕێتەوە، ئینجا بەسەرهاتەکەت بەشێوەیەکی سادەو ساکار دەخاتە بەردەست و تۆش باوەڕ بە رووداوەکان دەکەیت، بەڵام هەست ناکەیت کە نوسەر هەوڵدەدات ناچارت بکات بەلایەکدا بتبات کە خۆی مەبەستێتی .

نوسەر لە شیکردنەوەی دەرونیشدا وەستایە.. جارناجارێک لە ئەندێشەدا جێتدەهێڵێت یا کتوپڕ لەبەردەم رووداوێکدا راتدەگرێت و ئیتر هەنگاو بە هەنگاو پەلکێشت دەکات،جارێک دەگەڕێتەوە بۆ دواوە،دەمێک بە زمانی

پاڵەوانەکانی دەدوێت،هەندێک جار بە راستیی و جارجارێکیش بە خەوبینین یا خەیاڵ و ئەندێشە .

نوسەر وەها پەلکێشت دەکات کەزۆرینەی چیرۆکەکان خەم وخولیا و ختورەی پاڵەوانەکان وبیرو بۆچونە ئەرێنیی و نەرێنی یەکانیانە،کە چۆن بیرۆکەیەک بەدوای بیرۆکەیەکداو هەستێکی راگوزاریی بەدوی هەستێکدا دێت و تۆ بەتەنیا دەخاتە ئەو گێژاوەوە،تۆش رەنگدانەوەی دەرونیی خۆت هەست پێدەکەیت،وەک ئەوەی بیەوێت بەهۆی گرێ دەرونی یەکانتەوە شپرزەت بکات.[7] چیرۆکەکە تەواو دەبێت و تۆ هێشتا نازانیت کێشەی پاڵەوانەکەیە یا کێشەی تۆی خوێنەرە؟! نوسەر کارەکتەرەکان زۆر بە شارەزایی و لێهاتویی دەخولقێنێت، روداوەکان بەخێرایی یا لەسەرخۆ

و بەهێمنی دەجوڵێنێت و بەڕێدەکات بەپێی بارو دۆخەکە و ئینجا بۆ شیرازەو دامەزراندنی رایەڵەکانی هەر چیرۆکێک، کۆتایی یەکی گونجاو دادەنێت و لێدەگەڕێت خوێنەر بەئاسمانی ئەندێشە وفەنتازیادا بفڕێت یا کتوپڕ راستیی روداوەکە لەبەر دەمتدا قوتدەکاتەوە[8].

نوسەر دەزانێت و چاکیش دەزانێت لە چ سەردەمێکدا دەژی وبارودۆخی ئەو سەردەمەش شارەزایە کە تێیدا دەژی، دەزانێت حکومەت و سیستمەکانی دەسەڵات چۆن کار لە ژیانی هاوڵاتی یان دەکەن و دەستگاکانی ئاسایش چۆن دەست لە رەوتی روداوەکان وەردەدەن و دەبنە لایەنێکی سەرەکیی زۆرینەی ئەو روداوە تەومومژاوی یانەی تاکەکانی گەل تێیناگەن.ئەمەش لەسەر نوسەر قورس دەکەوێت لەم بارو دۆخە رامیاری یەی پێیدا

تێیدا دەژین کە قەدەغە و بڤەن، بەڵکو مەترسیی لەنێوچونیشی بەدواوەیە!بەڵام ناتوانێت پشتگوێیبخات،چونکە پشتگوێخستنی ژیانی تفت و تاڵی نەتەوەکەمانە لەژێر کۆت و زنجیری دەستگا سەرکوتکار و خۆسەپێنەکانی ئاسایشدا.ئەمئاوڕدانەوەیەی نوسەر لەم لایەنە هەستیار و مەترسیدارە  دەبێت لەسەر هەردو ئاستی هونەریی و رەوشت حسێبی بۆ بکرێت کە نیشانەی هەستکردنە بە وەی کە هونەر ئاوێنەی سەردەمەکەیەتی وپێویستە هاریکاریی خوێنەر بکات بۆ دەربازبون و تێپەڕاندنی ئەم سەردەمە بۆ سەردەمێکی  گونجاو .

زۆرێک لە رەخنەگران دەڵێن  هونەر بۆهونەرە وتێکەڵاوکردنی لەگەڵ رامیاری،هونەرەکە تێکدەدات .ئەوە دروستە،بەڵام رامیاریش  بۆتە بەشێکی گرنگی  ژیانمان ولەلایەنی هونەری یەوە

کەلاخستنی کارێکی سروشتی نییە و لەلایەنی مرۆڤایەتیشەوە دەستبەردانە لە خوێنەر لە هەرە چرکەساتەکانی دۆشداماندا.بەکورتی یەکەی کۆمەڵە چیرۆکێکی (خۆش وبەلەزەتە!)چێژمکرد لە خوێندنەوەیان،شادمانم کە لەبارەیەوە دەنوسم،شادمانی یەکەشم پڕ دەبێت کە خوێنەریش چێژ لە خوێندنەوەی داهێنانەکانی ئەم نوسەرە لاوە وەربگرێت.

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە(شقلیو پقلی یەکانی منداڵیی) منداڵێکی بەهرەمەند و نوسەرێکە هیوادارم بایەخی بدرێتێ و بەردەوام بێت لەم رێگا سەختەدا و دڵنیاشم لە دوارۆژێکی نزیکدا میصر شانازیی پێوە دەکات.

عەبدلرەحمان یوسف

٣١دێسەمبەر٢٠١٤

ژێدەرەکان:

1-شقلیوپقلی : نوسەر ، دەستەوشەی (خربشات الطفوله والصبا)ی بەکارهێناوە،لەکوردیدا دەبێتە شقلیوپقلی یەکانی سەردەمی منداڵی وهەرزەیی.

2 – خوێندەوار وخوێندەواریی : لەگەڵ ئەو هەمو شانازی یەی بە زمانەکەمانەوە دەیکەین و دوست ودوژمن سەرسامی دەیانگرێت کە نەتەوەیەکی بندەست و دابەشکراو،چۆن توانیویەتی زمانەکەی بە پاکوپوختەیی بپارێزێت و لەو بوارەدا بۆڕی فارس و تورک بداتەوە..بەڵام لە چەند لایەنێکەوە هەژاریی و دەستکورتیی پێوە دیارە.هەر بۆنمونە وشەیەکمان بەرامبەر هەردو وشەی(سەقافە و موسەقەف)ی عەرەبی نییە!چونکە وشەی رۆشنبیریی و رۆشنبیر لەو واتایەوە دورن.وشەی

(سەقافە) دەکاتە کلتور نەک خوءندەواری.
وشەی(موسەقەف)یش واتا  کەسێک کە
چەندین پلەی خوێندن و خۆپێگەیاندنی
تێپەڕاندووە و لەهەر بابەتێک کەم و زۆر شتێک
دەزانێت ولە خوێندن وخوێندنەوەو
خۆپێگەیاندنیشدا بەردەوامە.. دەشێت کەسێکی
روناکبیر بێت و دەشێت کەسێکی تاریکبیر بێت
!وشەی (خوێندەوار)یش بەشێوەیەکی گشتیی
بەوکەسانە دەڵێین کە خوێندەواری یان هەیە(
بخوێندنەوە و نوسین دەزانن).وشەی
روناکبیریش واتا، کەسێکی کراوە وپێشکەوتنخواز
و رو لە زانست و لێکۆڵینەوەی زانستیی و
پشتکردنە غەیبیات و ئەودیو سروشت .کەواتە
هێشتا هاوواتایەکمان بۆ  سەقافە وموسەقەف
نەدۆزیوەتەوە وناشێت وشەی خوێندەوار یا
روناکبیر لەبریی (موسەققەف)بەکاربهێنین .

3 -  سفتوسۆڵکردن و مشتوماڵ :نوسەر لەو شوێنەداو بەو واتایە، وشەی( تجوید) ی بەکاربردووە، بەڵام عەرەب وشەی (تجوید) بۆ دروست خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بەکاردەبات.

4 - بیرکۆڵەوار، کاڵفامیی : من  لە شوێنی (خلل فکری)داماناوە، کە ئەو واتایە نابەخشێت کە نوسەر مەبەستیتی ،چونکە (خلل فکری) واتا کەمئاوەزیی یا ئاوەزشێواوی.

5 -  وشەی قەبەو موزیکئامێز : لەجێگەی (کلمات رنانە وطنانە) داماناوە.

6 - دامەزراندنی شیرازەوچنینی رایەڵەکانی چیرۆک :لەبری ( النسج القصصی والحبك)

7 - ختوره : وەک (خاطره ، خواطر) لە زمانی عەرەبیدا. کورد دەڵێت ختورەیەک بەدڵمدا هات،بیرێکی راگوزاریی

8 - فەنتازیا : فەنتازیاش هەر هاوواتای ئەندێشەیە،وەلێ فەنتازیا فراوانترو لایەنی روناکبینیی رەنگاڵەیی زۆرتر پێوەدیارە.

*****

پێشەکیی وەرگێڕ

خوێندنەوەی ئەم چیرۆکانە هەر لە دەستپێکەوە،لەلاپەڕەکانی بەرایی یەوە نەک هەر سەرنجیان راکێشام ،تۆ بڵێ پەلکێشیانکردم ، ورد ورد بەهەست و بەچێژەوە کەوتبومە نێو وشەو رستەو دەستە وشەو دەربڕینە سادەو ساکارەکانی نوسەرەوە کە زۆر وەستایانە چەندین

چەمکی گرنگ و هەستیاری ژیانی رۆژانە دەوروژێنێت،چینە چەوساوەو بەشخورەوەکان هوشیاردەکاتەوە پڕ بەچاوی بینین و توانای بیرکردنەوە و رامان،گوزەرانی خۆیی و دەورو بەرەکەی بخوێنێتەوە و بەجۆرێکی نویێ لە پەیوەندی یەکانی نێوان مرۆڤـ و دەسەڵات (حوکمەت) تێبگات لەو کۆمەڵگەیەدا کە کوێرانە و پەلبەستراو تێیدا دەژی.. لەگەڵ خوێندنەوەدا گومانێکیش هاتە پێش، هەرکە لاپەڕەیەکم هەڵدەدایەوە بەجورێک گەل و وڵاتی کوردم لەم چیرۆکانەدا دەبینی یەوە،جار نا جارێک بگەڕامەوە بۆ ناوی چیرۆکنوسەکە،تۆ بڵێیت چیرۆکنوسێکی کورد بێت و ئەم بەرهەمانەی بە عارەبی نوسیبێت؟ئەم کۆمەڵە جیرۆکە بە نێونیشانی (اثار لا تزول)ئەو شوێن برینانەی هەردەمێنن سارێژنابن،بەڵام ناونیشانێک

سواری کۆڵم بووە، وڕکی لێگرتوم کە چاپکران ناوی بنێم (شقلیو پقلی!) شقلیو پقلیش دەربڕینێکی تایبەتە بە سلێمانی و پتر لەواتایەکی هەیە .

ناونیشانی دو چیرۆک لەو سێ چیرۆکەم گۆڕیوە،کە واتاکانیان لە زمانی کوردیدا نەهێزوپێز و نەهارمۆنیایەکیان نییە.نێونیشانی چیرۆکی( دوله هندستان الشقیقه.دەوڵەتی هندستانی برا) کردومە بە (دادگاییکردنی مارێکی زمانزان)، چیرۆکی (الرجل الغریب - پیاوە نامۆکە)کردومە بە(کەسێکی نەناسراو - جنۆکە).. چیرۆکی (الشتاءالقادم) پێدەچێت هەڵەی تایپە، (الشتاء قادم) دروستە، بۆ ئەویش دەبێت لەبەرامبەردا( زستان بەڕێوەیە) دابنێین،بەڵام(بەم هاوینە سەرمامانە،زستانە زستان) بەگونجاوتر دەبینم .

ئەم چیرۆکانە بۆ نواندن و نمایشکردنی سەرشانۆ، بۆ ئەم سەردەمەی کورد ئاوێنەیەکی باڵا نمایە و هەمو تاکێکی کوردخۆی تێدادەبینێت،هەرکەسەو لە شوێن و جێگەی خۆیەوە، لەبەرەی گەلدایە،لەبەرەی دەسەڵات دایە یا لەهەردو لایە!

بەباشی دەزانم هەندێک رستە یا دەستە وشە بە دوجۆر وەربگێرم و یەکێکیان لەنێو دو کەوانەدا دابنێم کە ببێتە کارئاسانی بۆ ئەکتەر و بینەرو خوێنەریش و ئەو نامویی یەی لەگەڵ کلتۆری گەلی میصردا برەوێنێتەوە و پتربچێتە نێو روداوەکانەوە و چێژی لێوەرگرێت. لەهەندێک برگەشدا چاوێکم نوقاندووە و تەنکە دەستکاری یەک یا ئەمدیو ئەودیوێکم بە دەستە وشەیەک کردووە،نوسەر دەڵێت(بۆ تێپەڕاندنی ئەو سەردەمە بۆ سەردەمێکی خۆشتر..) من

نوسیومە بو سەردەمێکی خۆش،چونکە
لەسەردەمێکی خۆش دا نەژیاوە و ناژی،هەتا
تێیپەڕێنێت بۆ سەردەمێکی خۆشتر.

چنگ و پەلەکانی دەسەڵات،ئامێرە
گیانلەبەرەکان،ئەوانەی مەلەوانی شارەزا و
راهاتوی زەلکاوی هەمو جۆرە گەندەڵی و
بێئابروییەکن، کاتێک پیر و لێکەوتەش دەبن،
نەپاک دەبنەوە، نە بەخۆیاندا دەچنەوە و نە
شەرم دەکەن.. دەبینین  یەکێکیان لەبەرامبەر
قاڵبێک کێکی سەر بە میوە(تورتە) وەک منداڵ
شاگەشکە دەبێت و ئەو هەمو نهێنی یە بەدەم
کێک  خواردنەوە دەدرکێنێت، ئەوەندەش
سوک و بێ رێزە، بەبەرچاوی میوانەکەوە
دەچێتە تەوالێت و هەر بەپێوە هەڵدەمیزیت ،
درگاکەش داناخات و مێشیش میوانی نییە !

نوسەر لەو سێ چیرۆکەدا، راستی یەکی رەقوتەق دەدات بەڕوی میصری یەکانی هاودەردیدا کە داردەستەکانی رژیم(لە هیچ تاوانێک سڵناکەنەوە، گرنگ ئەوەیە گومان نەکەوێتە سەر دەسەڵات)، پرسیارێکی گرنگیش دەوروژێنێت( ئەوانەی ئەو هەمو تاوانە دەکەن، کێ ئەو دەسەڵاتەی پێداون؟) ئیتر ئەو خەڵکەش برسیی و ماندو و پەرێشان، رۆژان هەر خۆدەخۆنەوە و شەوانیش بەدەم ئازارەوە گێنگڵ دەدەن.

نوسەر لەم چیرۆکانەدا خۆیی ساغکردوتەوە،لەسەنگەری بەرخۆدانەوە چاوێکی لەجەماوەرە و چاوێکیشی لەسەر دەسەڵاتە و چاوەڕوانە..

نوری کەریم

ئەڵەمانیا/پایزی2020

******

## چیرۆکی یەکەم

## دادگاییکردنی مارێکی زمانزان

### 1

ئاپورەی خەڵکەکە لە رادە بەدەرە، هەرچەند ماوەی نێوان ماڵەکەم و سینەماکە چەند کیلومەترێك پتر نییە، بەڵام نزیکەی یەك دەمژمێر و نیو ئینجا گەیشتمە بەردەرگای سینەماکە و دیاربو درەنگ گەیشتوم و فیلمەکە دەستیپێکردووە، ئەوەتە بەردەرگای چونە ژورەوە چۆڵو هۆڵە.من هەرگیز رۆژێ لە رۆژان ئارەزوی بینینی فیلمی هندیم نە کردووە، ئەمە لەسەر راسپاردەی یەکێک لە هاوڕیکانمە کە حەزدەکات ئەم فیلمە ببینم.کەسێك لەبەردرگای هۆڵەکە بلیتەکەی لەدەست

وەرگرتم و سوچێکی قرتاند ،پیاوێکی دیکە بە لایتێکی دەستیی یەوە کەوتە پێشم بۆ هۆڵە تاریکەکە، هەتا جێگایەکی بۆ دۆزیمەوە و دانیشتم، ئینجا چەند جارێك ئەمدیو و ئەودیوم کرد هەتا لە سەر بارێکی گونجاو دانیشتم .
پەردەیەکی پڕ لە دەنگ و رەنگ، هەتا چاوبڕکات کێڵگەی صەوز و ئاژەڵ و باڵندەیماڵیی، ئاسمانێکی شین و بێگەرد، کەسێکیش لە پشت وینە جوڵاوەکانەوە روداوەکان دەگێڕێتەوە کە وادیارە ئەو کەسەیە کە بە قەراغ کێڵگەکەدا دەڕوات، بە خۆی وشێوەی دەموچاوە گەنم رەنگەکەی ، قژە خاو و پڕەکەی و باڵا مامناوەندیی یەکەیەوە، لە ناکاوێکدا دەوەستێت و تێڕوانین  وردبونەوەیەکی تیژ لە چاوەکانیدا دیاردەکەوێت بۆ کەسێکی دیکە.. کەسەکە ئەوەتا ،لاوێکی باریکەلەیە کڵاوێکی لەسەردایە،

قژە پڕەکەیی داپۆشیوە، بلوێرێکی بەدەستەوەیە، لێو دەنێت بە لێوی بلوێرەکەوە، ئاوازێك دەسازێنێت ..چ ئاوازێکی خۆش لە گەروی ئەو بلوێرەوە سەرڕێژدەکات.ئاوازێك دەخوێنێت و تەماشای بەردەمی خۆی دەکات، لەوێدا بستێك لەزەوی یەکە دەبزوێت هەر وەك ئەوەی دەعبایەك لە ژێرەوە کونی بکات و بیەوێت بێتە دەرەوە..چەند چرکەیەك تێدەپەڕێت و مارێك لەوێڕا دێتە دەرەوە و لەبەردەم کۆڕە لاوەکەدا سەربەرزدەکاتەوە ، وەك ئەوەی ڕێنمایی لێوەربگرێت.لاوەکە بەردەوامە لەبلوێرژەنیندا و مارەکەش فیشکەدەکات.کەسی دوەم کە بە دیار بینینی ئەم دیمەنانەوە حەپەسابو، دەبێتە خولیای کە بزانێت ئەم مارە بۆ کوێ دەخشێت، دەکەوێتە دوای مارەکە، کامێراش لێرە بۆ ئەوێ و لەم کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان بەدوایانەوەیە. وەك

به زۆربونی ریشی لاوەکەدا دەردەکەوێت ئەم شوێنکەوتنە زۆری خایاندووە و ئەوەش دەسەلمێنێت  کە فیلمەکە بەڕاستی فیلمی هندی یە !دواجار مارەکە لە پەنا شورای کۆشکێکی بەرزدا خۆماتدەکات و بن شوراکە دەکۆڵێت و وندەبێت، لاوەکەش هەر وەستاوە و دیارەکە هێشتا هەرحەپەساوە، ناتوانێتیش چیتر دوای مارەکە بکەوێت ، بزانێت ئەم مارە چ کارێکی هەیە لە کۆشکی فەرمانداری شار، بۆیە نەڕۆشت، لەشوێنی خۆی مایەوە، زۆر بیر و بۆچون و پرسیار مێشکیان خرۆشاندبو هەتا دەنگەدەنگ و جموجوڵێکی نائاسایی پاسەوانەکانی کۆشك وریای دەکەنەوە و دوای چەند خولەکێك ماشێنێکی ئەمبولانس بە لورە لور هات و لەبەردەم درگای کۆشکەکەدا وەستا و پاسەوانەکانیش بڵاوەیان بە ئاپورەی

خەڵکەکە دەکرد کە هاتبون بزانن چی رویداوە. هەواڵێکیش لە نێوانیاندا دەماودەمی دەکرد: فەرمانداری شار مار پێوەیداوە و کەس نازانێت ئەو مارە چۆن گەیشتۆتە ژورەکەی و چونیش خۆی ونکرد؟ سەرەتاو بنەتای روداوەکە کەس نایزانێت جگە لەو کەسەی هەر لەسەرەتاوە هەنگاو بەهەنگاو هەتا مارەکە دزەدەکاتە نێو کۆشکی فەرماندارەوە روداوەکەی بەچاوی خۆی دیتووە.گێڕەرەوەی روداوەکان، دەمانباتە هۆڵێك،هۆڵی دادگایە، ئەوە دادوەرەکان دانیشتون و ئەوەش کەسێکە لە قەفەزی تاوانبارکردندا، کەخودی کوڕە بلوێرژەنەکەیە ومارەکە لەبەردەمیدا سەری بەرزکردەوە.. دیارە سەرەتای فیلمەکەم نەبینیوە و بەمجۆرەش چێژی تەواوی لێوەرناگرم، ئەی چارچییە؟

تەماشایەکی ئەوکەسەی تەنیشتم کرد و بە دودڵییەکەوە وتم:

* ببورن پرسیارێک!

** فەرمو .

* بەداخەوە من درەنگ فریاکەوتم و بەشێکی گرنگی فیلمەکەم نەبینیوە. دیاربو لە مەبەستەکەم تێگەیشت و زۆر بەسادەیی وتی :

**لە کوێوە بینیوتە؟

*لەدەرکەوتنی بلوێرژەنەکەوە .

**زۆر چاکە، ئەو بەشە کورتدەکەمەوە بۆت .ئەوکەسەی لە قەفەزەکەدایە نایژەنێکی زۆر بەهرەمەند و بەتوانایە،لەگەڵ چەند تیپێکی مۆزيك كاری دەكرد، باوكی لەكارگەیەك كريكاربو، لەخۆپێشاندانێکی کریکاراندا دژی زۆرداریی دەوڵەت وسیستمی سەرمایەداریی و داواکردنی

مافەکانی کرێکاران ، باوکەکە دەکەوێتە بەر گولەی پۆلیس و دەکوژرێت. کوڕەکەی ئاوازێکی زۆر خەمناك و فرمێسکرژێنی کاریگەر پێشکەش بەگیانی باوکی دەکات کە زۆر خێرا بڵاوبوەوە و ئۆپۆزسیۆن لە کۆبونەوە و کۆنگرەکانیاندا هەست و سۆزی جەماوەریان پێدەخرۆشاند. ئیتر لەوکاتەوە ژیان و بەهرە هونەریەکەی ئەو لاوە رێڕەوێکی نوێ دەگرێتەبەر، هونەرەکەی تێکەڵ بو بەسیاسەت، بەرهەمەکانی بەناوی زیندانیان و قوربانییەکانی دەستی رژێم ناودەنا و بەخۆی و بلوێرەکەیەوە لەریزی پێشەوەی خۆپیشاندەراندا بو،جەماوەری هاندەدا و دەیجۆشاندن .. بەکورتی ئەم کوڕە بوە هێمایەکی ئۆپۆزسیۆن و ئاوازەکانیشی بە گوندو شارۆچکەو شارەکانی وڵاتدا بلاوبونەوە هەتا لە ئەنجامدا دەرکەوت کە تاوانکارە !

* تاوانكار ؟

** بەڵێ تاوانكار و تیرۆریست و هاندەری توندوتیژیی.

*چۆن؟

**بەهرە و تواناكانی خۆی لە بلوێرلێداندا خستە گەڕ بۆ بەكاربردنی مارە ژەهراویەكان . دیارە تۆ دەزانیت دەنگی بلوێر چەند كاریگەریی هەیە لەسەر وابەستەكردنی مار.

* بیستومە و لە چیرۆكەكانی هەزار و یەك شەوەشدا خوێندومەتەوە.

**ئەوەش ئاشكرا بو كە بەهرە هونەری یەكەی بۆ رامكردنی مار و ئاراستەكردنیان بەكاردەبات دژی بەرپرسانی دەوڵەت و پێوەدانیان.

* ئەی چۆن ئەوەیان بۆ دەركەوت ؟

** ئەو کەسەی هەنگاو بە هەنگاو بەشوێن مارەکەوە بو، زانیاری دابە پۆلیس و ئەوەتا هاتوە وەك شایەتی سەلماندنی تاوانەکەش شایەتی بدات .

*زۆر جوانە! تەنها هەربەو هۆیەشەوە بلوێرژەنەکە دەستگیرکراوە و دادگایی دەکرێت؟

** بەڵێ ، ئەی بۆ نا؟ شایەت هەیە، فەرمانداری شار مارگەزتویەتی، لاوێکیش رقی لە فەرماندارە، ئەوە کەمە؟

*بێگومان نەء، بەڵام ئەوەی شایەتەکە دەیڵێت لۆژیك نییە و بەهیچ جۆرێك ناچێتە ئەقڵەوە.

** چی هاندەرتە شایەتەکە بەدرۆبخەیتەوە کەقسەکانی درۆن؟ باوەڕ بەو ناکەیت ، باوەڕ بە تیرۆریستێك دەکەیت؟

* لای من ئەقڵ سەرپشکە، کەیسەکە هەڵبەستراوە، سەیرکە رژێم  چۆن دەیەوێت نامەردانە ئەو بلوێرە جوانە کە کۆیاندەکاتەوە لە پێش چاوی جەماوەر بکاتە چەکێك بۆ توندوتیژیی، ئاوازە ناسکەکانی بکات بە فەرمانی کوشتن، سەیرەکەش لەوەدایە هەندێك کەس باوەر دەکەن و ئەقڵ  (ئاوەز) و لۆژیک دەخەنە لاوە.

** ئەوەت لەبیرنەچێت  ئێمە فیلمێکی هندی دەبینین!

*تەنانەت خەیاڵ و ئەفسانەش  ئامانجێکیان هەیە، دەرهێنەری فیلمەکەش نمونەیەکی کاڵوکرچ پێشکەشی  بینەر دەکات(دەدات بە دەستەوە) لە دەستتێکەڵکردنی رژێم و دامودەستگاکانی دژی نەیاران و تۆمەت هەڵبەستن بۆیان .

** ئەی بۆ نالێیت دەرهێنەری فیلمەکە ئاستی توندو تیژیی و درۆی ئەو تیرۆریستانە و توانای خەڵەتاندن و بانگەشەی ئاشتی دەکەن، کەچی روی راستەقینەیان هێندە بڵح و دزێوە خەیاڵیش نایگاتێ؟

*گەرەکم بو وەڵامی بدەمەوە بەڵام کەسێك کە لەریزی پێش ئێمەوە دانیشتبو، ئاورێکی دایەوە و وتی : تکایە دەنگ !

ناچار هەردوکمان بێدەنگ بوین و گەڕاینەوە سەر بینینی فیلمەکەو دیمەنەکانی بڵاوبونەوەی دەنگوباسی فایلی مارەکەیان رادەگەیان بەنێو ناوەندە جیاوازەکانی رای گشتیی هندستاندا کە لەو روەوە بەسەر دو بەرەدا دابەشبوبون، یەکەمیان بلوێرژەنەکەی بەتاوانکار و تیرۆریست دەژمارد کە لەپشت بێوەیی و ئاوازە بەسۆزەکانیەوە رویەکی قێزەون و بڵح و

شەڕئامێزی حەشارداوە، میدیاکانیش ئەو بۆچونەیان پشتڕاست دەکردەوە بەبەڵگەی سەلمێنەری ئەوەی ئەم لاوە،هەر لە منداڵییەوە هەڵسوکەوتی دوژمنکارانەی  هەبوە، تەنانەت کەناڵێك ڤیدیۆیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا ئافرەتێکی هاوسێی دەڵێت بەچاوی خۆی بینیوێتی ئەو کوڕە بە منداڵی چۆلەکەیەکی خنگاند. ئافرەتێکی دیکەش وتی من مامۆستای بوم لە دایەنگە،جارێك لوتی منداڵێکی هاوتەمەنی شکاند.

** هاوڕێ بینیت ؟

ـ*وەڵامم نەدایەوە ،بزەیەکی گاڵتەپێهاتنم خستە سەرلێوم و هۆشم خستەوە سەر فیلمەکە.بەرەی دوەمیش لەو باوەڕەدایە کەیسەکە سیناریۆیەکە دەستگاکانی دەوڵەت رێکیانخستووە و ئەو لاوە هونەرمەندە بێتاوانە

و ئەو تاوانەی روبەڕوی کراوەتەوە  دورە لە ئەقڵ و ئاوەز و لۆژیك . چەند بزوتنەوەیەکی نەیاریش هەڵوێستیان لە دادگاییکردنە گاڵتەجاری یەکە نواند. فیلمەکە لێرەوە بینەر دەباتە نێو فارگۆنی شەمەندەفەرێکی تیژڕەو، پیاوێکی بەرەنگو روخسار ئەوروپایی، رێکپۆش و شیك، تەمەنی هەرپەنجا، پەنجاو پێنج صاڵێك دەبێت، فایلێکی بەدەستەوەیە و لەپەنجەرەی فارگۆنەکەوە چاوەشینەکانی لەسەر دیمەنەکانی ئەمبەر و ئەوبەری رێگاکەیە. شەمەندەفەرەکە لە وێستگەیەك وێستێك دەکات و پیاوەکە دادەبەزێت و لە وێستگەکە دێتە دەرەوە، سواری تاکسی یەك دەبێت بۆ تەلاری دادگای شار.. هەر کە دابەزی،کەسێکی هندیی کورتەباڵا بەبەرگی پاریزەرەوە روبەڕوی دێت و بەپەلە دەیبات بۆ نێو تەلارەکە و بەزمانی ئینگلیزیش

دەیوت : پرۆفیسۆر زۆر ماندوبوین هەتا ڕەزامەندیمان بۆ وەرگرتیت کە بتوانیت وەك شایەت ئامادەی دادگاییکردنەکە بیت.. لە هۆڵی دادگاکەدا پرۆفیسۆرەکە لەبەردەم دادوەرەکاندا وتی: ناوم جاك فریدریك ە، بە رەگەزنامە بەریتانیاییم و باوەڕنامەی دکتۆرام هەیە لە زانستەکانی زیندەوەرناسیدا. دو هەفتەیە بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەیەکی زانستیدا لە هندستانم ، دەنگوباسی فایلی مارەکە توشی شۆکی کردم و بڕیارمدا وەك شایەتێك لەبەردەم دادگادا قسسەی خۆم بکەم. بەڕێز دادوەر، لەراستیدا فایلێکی پێکەنیناوی یە و ئەم کوڕە لاوە بێتاوانە و ئەو تۆمەتانەی وەپاڵی دراون بێبناغەن. ئینجا چەند هەنگاوێک چووە پێشەوە و فایلەکەی خۆی دابەدەست دادوەرەکەوە و وتی : گەورەم لەو توێژینەوە

زانستییانەو بەڵگە سەلمێنراوەکاندا بۆتان دەردەکەوێت کە مار زیندەوەرێکی کەڕە و هیچ نابیستێت، کەواتە ناتوانێت دەنگەکان جیابکاتەوە، بۆیە ناشێت پەیوەندی یەك لە نێوان بلوێر لێدان و مارپێوەدانی فەرمانداری شاردا هەبێت .

مقۆمقۆیەك لە هۆڵکەدا پەیدابو،دادوەرەکە ناچاربو ئامادەبوان وریابکاتەوە کە هێمنیی هۆڵەکە بپارێزن .

نوێنەری گشتیی : هەستایە سەرۆێ و رودەکاتە پرۆفیسۆرەکە ولەو پەڕی تورەبون و هەڵچوندا نەڕاندی ئەوە تۆ دەڵێت چی ؟

پرۆفیسۆرەکە بە هێمنی وەڵامیدایەوە: گەورەم من نایڵێم، زانست دەیڵێت.

نوێنەری گشتیی : کام زانست، دەتەوێت دەست لە کەلەپور و کولتور و شارستانێتی بەرز و پڕ لە شانازیمان وەربدەیت؟ بەدەنگەوەچونی مار بۆ بلوێرلێدان شتێکی ئاشکرایە و لە باو و باپیرانمانەوە سەلمێنراوە.

پرۆفیسۆر : گەورەم ناشێت مرۆڤێك لەسەر بنچینەی کولتور و چیرۆك و ئەفسانە تاوانباربکرێت . ئێمە لەمەڕ دیاریکردنی چارەنوسی مرۆڤێکین کە زانست دەیسەلمێنێت بێتاوانە.

داواکاری گشتیی : دەشێت بە هۆی سیحر و جادو یا هۆکارێکی دیکەی لەو چەشنەوە، کاری لە مارەکە کردبێت.

پرۆفیسۆرەکە: ئەگەر بەڕێزتان پێداگرن لەسەر راستیی و دروستیی چێرۆکی شایەتەکە، ئەوەش هێشتا ناکاتە ئەوەی وەك توێژینەوە زانستییەکان

دەیسەلمێنن ، پەیوەندییەك لە نێوان بلوێرژەنینی ئەم لاوە و کردەوەی مارەکەدا هەبێت. ئەگەر لە من دەپرسیت، دەڵێم قسەکانی ئەو شایەتە درۆی شاخدارن .

پشویەک

*ئەها زانست بەسەر پیلان و بێمروەتیدا سەردەکەوێت.

** ئەوە تیرۆرە روی راستەقینەی خۆی دەردەخات .

*بە سەرسوڕمانەوە سەیرێکیم کرد، ئەویش سەیرێکی منی کرد.

**شتەکە ئاشکرایە، کابرا ئەوروپایی یە، ئەوروپاش هاوکاریی و پشتیوانیی تیرۆر دەکەن، توێژینەوە و راپۆرت دەسازێنن، ئەم چەپەڵەشیان ناردووە، ئەو ناپاکە تیرۆریستە

رزگاربکات کە هاوکاریانە لە ئەنجامدانی پیلانەکانی ماسۆنیزم و زایۆنیزم لە ناوچەکەدا.

*بەڵام ئەوە زانستە زانست !

**زانست ؟ زانست ئەوان بەخواستی خۆیان دەینوسن و ئاراستەی دەکەن، ئەنجامەکەش ئەمجۆرە ناپاکانە لە دەست عەدالەتی دادگا رزگاردەکات بۆ ئەوەی تۆوی خراپەکاری بە جیهاندا بوەشێنن.

*من لەوە تێناگەم تۆ چۆن باوەڕ بە قسەکانی ئەو شایەتە دەکەیت بەڵام زانست و لۆژیك بە درۆدەخەیتەوە.

** تۆ هیچ تێناگەیت، بابەتەکە زۆر لەوە گرنگترە.

کاتی پشودانەکە تەواو بو، گڵۆپەکان کوژانەوە و بەشی دوەمی فیلمەکە دەست پێدەکات .بێژەری

کەناڵێکی تەلەفیزیۆن زۆر بە سەرگەرمیی و جۆش و خرۆش دەردەکەوێت.

بێژەرەکە : لە پێشدەستییەکی میدیایی تەواودا، تەنها کەناڵەکەمان بەڵگەی حاشاهەڵنەگر ئاشکرا دەکات لە کەیسە بەنێوبانگەکەدا کە هەموشتەکان ئاوەژو دەکات وئاراستەکەشی دەگۆڕێت ، هەتا سێ رۆژی دیکە چاوەڕوان بن.

هەواڵەکە بە هەمولایەکدا بڵاودەبێتەوە و هەمو دەپرسن ئاخۆ ئەو بەڵگە،یەکلاییکەرە وەیە چییە و چۆن رێڕەوی کەیسەکە دەگۆڕێت.ریکلام بەسەر کەنالەکەدا دەبارێت و وێنە بێژەرەکە لاپەڕەی گۆڤار و رۆژنامەکان دەگرێت، کەناڵەکەش چەندین ئەگەر و بۆچون دەخاتە بەردەم بینەر و بیسەران سەبارەت بە ئەڵقە چاوەڕوانکراوەکە، تەنانەت کاتژمێریکی ژمارەیی ئەلکترۆنیشی لە گۆشەیەکی

پەردەکەیدا(شاشەکەیدا) دانابو کە بەردەوام ماوەی ئەوسێ ڕۆژەی ئەڵقە چاوەڕوانکراوەکەی کەم دەکردەوە.. سێ ڕۆژەکە تێپەڕی  و لە گەرمەی چاوەڕوانی جەماوەردا ئەڵقەکە دەستیپێکرد،بێژەرە هەرە ناسراوەکەی هندستان لە ستۆدیۆی کەناڵەکە دانیشتووە و سنوقێکی گەورەی ئاسنی لەبەردەمدایە کە پریاسکەیەکی چەرمینی تێدایە و لەسەرەوە بە پەتێکی ئەستور  بەستراوە. بێژەرەکە زۆر بە شانازیی و لە خۆباییبونەوە دەیڕوانییە کامیراکە ، ئینجا پەنجەی بۆ سنوقەکە درێژکرد و وتی :

بێژەرەکە : بینەرانی ئازیز، ئەوە بەڵگەکەیە کە چاوەڕوانتان دەکرد.. دوای چەند چرکەیەکی پڕ لە حەز وتاسەوبێئۆقرەیی وتی : دیارە هەموتان دەپرسن ئاخۆ ئەو تورەکە چەرمینە  چی تێدایە.

ئەوە مارەکەیە، بەڵێ ئازیزانم ئەوە ئەو مارەیە فەرمانداری شاری گەزت و کارەکتەری سەرەکیی کەیسی ئەم روداوە سەرسورهێنەرە بەنێوبانگەیە .

بێژەرەکە : بەڵام سوپرایزەکە ئەمە نییە، سوپرایزی راستینە کاتێك دەزانن کە گوێبیستی دەقی ئەو وتارە دەبن کە لەگەڵ سنوقەکەدا گەیشتە دەستمان  و نێرەرەکەی هەمو روداوەکەمان  بەتەواوی بۆ دەگێڕێتەوە.

بێژەرەکە پەڕەقاقەزێکی لەسەر مێزەکەی بەردەمی هەڵگرت و روەو کامێراکە بەرزیکردەوە و کەوتە خوێندنەوەی. هاوکات کەناڵەکەش ناوەڕۆکی نامەکەی بەشێوەی نواندن پەخش دەکرد و دەنگی بێژەرەکەش باگراوندی نواندنەکەبو کە بریتیبو لەوەی پیرەپیاوێکی یەکجار بەتەمەن لە بیابانێکداو لەبەرتیشکی خۆر، لەناکاو و بێ هیچ

هۆیەك و نازانین  لە كویێ وە   كۆمەڵێك پیاوی لێپەیدا دەبێت كە گەرەكیانە پەلاماری بدەن، بەلام مامە پیرە بەرەنگاریان دەوەستێت و لەهەرهەمویانیش دەدات! یەكێك لە بینەرانی هۆڵی سینەماكە وتی : فیلمی هندی یە !كابرای بەتەمەن بەردەوام دەبیت لە رێكردن هەتا هەڵوێستەیەك دەكات و تەماشای بەردەمی خۆی دەكات مارێك دەبینێت، هەمان ئەو مارەی سەرەتای فیلمەكە بینیمان، لەسەر زەوی كەوتوە وناجولێتەوە، كابرا نزیك دەبێتەوە و لە پەنا مارەكەدا دەكەوێتە سەر ئەژنۆ، هەڵیدەگرێت و لە ملی خۆی دەئاڵێنێت و دەست دەكاتەوە بە رێكردن هەتا دەگاتەوە كۆختەكەی خۆی لەسەر ترۆپكی چیایەك و مارەكە دەبوژێنێتەوە (وەك لەدەقی نامەكەدا نوسراوە).. رۆژێك پیرە لە دەنگێكی نامۆ لەخەو

رادەبێت، کە بەدوی سەرچاوەی دەنگەکەدا دەگەڕێت دەبینیت ئەو دەنگە لە مارەکەوەیە، بەترسێکەوە دەڵێت : خوای گەورە، خۆ ئەوەمارەکەیە قسەدەکات! پێکەنینێکی گاڵتەجارێی لە یەکێك لە بینەرەکانەوە بەرزدەبێتەوە .

نەك هەر ئەمە بەڵکو مارەکە هەمو روداوەکەی ئەو رۆژەی بۆ گێڕایەوە و وتی دەمەوێت ددان بە تاوانەکەمدا بنێم ، مامە پیرەش خستییە نێو سنۆقێك و بۆ ئاشکراکردنی راستیی روداوەکە لەگەڵ نامەیەکدا رەوانەیکرد بۆ ئەو کەناڵەی تەلەفیزیۆن.

بێژەرەکە هەمو نامەکەی خوێندەوە و پەنجەی راکێشا بۆ سنوقەکە و وتی : ئازیزانم، مارێك لە نێو ئەم سنوقەدایە کە قسان دەکات.. ئەوە ویستی یەزدانی مەزنە بۆ ئاشکراکردنی ناپاکان.

ئێمە رۆڵ و سنوری  میدیاکاریی خۆمان و رادەی گرنگی یەکریزیمان پێکەوە، میدیا و دەسەڵاتی یاسا و ئاسایشی وڵات بۆ پشتیوانیکردنی پێشکەوتن و بنەبڕکردنی خراپەکاران،بڕیارماندا ئەم بەڵگانە لەبەردەمی دادگادا نەبێت ئاشکرا نەکرێت(روناکی نەبینێت)ئەوەش وەك رێزێك بۆ دەسەڵاتی یاساو پیرۆزراگرتنی دادپەروەریی.گرتە سینەماییەکانی دواتر  بریتیبو لە کاردانەوەی جەماوەر لەبەرامبەر بەرنامە تەلەفیزیۆنییەکە. سەیر لەوەدایە بەرنامەکە چەند سەیرو سەمەرە بو،ژمارەیەکی زۆر لەبینەران باوەڕیان پێکرد و چەندین شارەزاو پسپۆڕی میدیا و میوانی بەرنامەکان دڵنیابون کە دەشێت شتی وەها روبدات

*لاوە هاونشینەکەم بە پۆزیکەوە وتی :

**دادپەروەریی ئاسمان، پەڕجو(موعجیزە) رودەدات.

*کام پەرجو؟

**بڕیاری یەزدان،مار قسان دەکات،بەڵگەیەکی لەمە بەهێزترت دەوێت ؟

*ئەوە خۆ خەڵەتاندنە و ئەگەر بەڵگەی شتێك بێت، بەڵگەی گەندەڵی میدیاو تیوەگلانێتی لە پیلانگێڕان دژی ئەم کورە. چ بێهۆشێك باوەڕ بەوە دەکات کە وترا؟

**ئەی بۆ ناڵێیت ئەوە ویستی یەزدانە بە هۆی موعجیزەیەکەوە بۆ نغرۆ کردنی تیرۆر و دەرکەوتنی راستیی؟

* راستی ئەوەیە کە بیروباوەرە پڕوپوچەکان تەنها لای ئەوانە دەخوێنرێنەوە کە ئەقل و ئاوەزیان خستۆتە لاوە. تۆ حەزدەکەیت بەهەر

جۆرێك بێت  لاوەكە تاوانباربكەیت و ئامادەیت باوەڕ بەهەر شتێك بكەیت  كە تاوانەكەی بەسەردا بسەپێنێت، هەرچەند زۆر خەیاڵیی و بێ بناغەو دور لە لۆژیكیش بێت، كەسانی وەك تۆش زۆرن. سەیرە هۆكارێك نابینم  كە رقت لەو كوڕە بێت،چونكە هونەرمەندە، یا بەوهۆیەوەیە كە جەماوەرێكی هەیە یا چونكە دژی حكومەتە؟

** منیش هۆكارێك نادوزمەوە وابكات  بەرگریی لە تیرۆریستێكی  پشت ئەستور بە ئەوروپای وەك ئەم خوێری یە بكەیت .

كەسێك لە ریزی پشتەوە وتی : برایینە دڵتان فراوان بێت، فیلمی هندی یە .

هاتمەوە سەر تەماشاكردنی فیلمەكە و زۆریش تورەو پەستم، هۆڵی دادگایەو دانیشتنە مێژوییە چاوەروانكراوەكە خەریكە دەست پێدەكات،

هۆڵەکە جمەی دێت لە خەڵك و میدیاکارانی ڕۆژنامەو گۆڤار و کەناڵەکانی تەلەفیزیۆن کە لە هەمولایەکی جیهانەوە هاتبون ئەو روداوە ناوازەیە ببینن.دادوەرەکە هەرئەوەندەی دانیشت وتی مارەکە بهێنن.چەند کەسێك سنوقێکی شوشەیان هێنا کە چەند کونێکی وردی تێدابو مارێکی تێدا بو بەزنجیر بەسترابووەوە و لەبەردەم سەکۆی دادوەردا دایاننا.خەڵکەکە حەپەسابون چاویان لەسنوقەکە نەدەتروکاند. دادوەرەکە داوای شایەتی سەلمێنەر دەکات ، کابرایەك هات و تاوێك لەمارەکە وردبووەوە و هاواردەکات:

خۆیەتی، گەورەم ئەوە مارەکەیە.( ئەوە مارەکەیە، گەورەم خۆیەتی)

دادوەرەکە : ئەی مار، گوێبیستی منی ؟!!

دەنگێکی بەهێز پڕ بە هۆڵەکە وەڵامیدایەوە :
بەڵێ دەبیستم ! ئەمجارەش پێکەنین
وقریوەیەکی گاڵتەئامێز لە هۆڵی سینەماکەوە لە
یەکێك لە بینەرانی فیلمەکەوە بەرزبوەوە. بەڵام
ئامادەبوانی هۆڵی دادگاکە زمانیان بەسترابو،
برۆفیسۆرەکەش بەهەردو دەست کێشای
بەسەری خۆیدا و دادوەرەکەش بەردەوام بو.

دادوەرەکە : دەتەوێت بڵێیت چی ؟

دەنگەکە : من بلوێرژەنەکە هانیدام فەرمانداری
شار بکوژم.

پرۆفیسۆرەکەپڕ بە هۆڵەکە هاواریکرد: ئەم
گاڵتە بازاری یە بوەستێنن. رەنگی روی
سورهەڵگەڕابو، بەهەڵچۆنێکەوە دەچێتە بەرەوە
و دەڵێت : ئەی دادوەری بەڕێز ئەوە چییە،
چۆن رێگا بە خۆتان دەدەن ئەمە بگوزەرێت؟
ئەم شانۆگەری یە بوەستێنن.

نوێنەری گشتیی هەستا و رویکردە دادوەر : گەورەم داوا دەکەم ئەم درۆزنە بە تۆمەتی شایەتیدانی درۆ دادگایی بکرێت.

پرۆفیسۆرەکە گویێ بە قسەی داواکاری گشتیی نادات، تەنانەت سەیریشی ناکات و لە قسەکانیدا بەردەوام دەبێت : گەورەم دادوەر ئەمە چاوبەستێکی ئاشکرایە،دڵنیام ئەو دەنگە لەچەند مایکرۆفۆنێکەوە دێت کە ئەو دەنگانە لە دەرەوەی هۆڵەکەوە دەهێنن.گەورەم دەستگاکانی دەوڵەت کاری خۆیان لەئەم هۆڵەدا کردووە،تکایە با ئێوەش نەبنە هاوبەشیان.

دادوەر : بەر لە دانیشتنەکە  پۆلیس هۆڵەکەیان پشکنیوە و هیچیان نەدۆزیوەتەوە.

پرۆفیسۆر : پۆلیس ؟! گەورەم ئایا پشت بە راپۆرتی پۆلیس دەبەستن، دڵنیام ئەوان خۆیان

دەستیان لە کارەکەدا هەیە، پشتبەستن بەوان گومانێك ناهێڵێتەوە کە تۆش تێوەگلاویت.

هۆڵەکە بوە دەنگە دەنگ و هەراو هوریا، هاوار هاوار لە دەرەوەش بەرزدەبوەوە، هەندێکیان هاوڕاو هاودەنگ و هەندێکیشیان دژ و نەیاری بەرێوەچونی دادگاییکردنەکە.. پارێزەری لاوە تاوانبارکراوە و داواکاری گشتیش هەریەکەیان داواکاری یەکی پێشکەش بە دەستەی دادوەران کرد و دانیشتنەکە دواخرا بۆ دوای راوێژکردن وراوبۆچون گۆڕینەوەی دەستەی دادوەران .

**لاوەکە: پۆلیس تێوەگلاوە،دادوەر تێوەگلاوە،میدیاو راگەیاندن تێوەگلاون،هەمو خەڵکیش تێوە گلاوەو دەستیان تێدا هەیە؟

*من:بەڵێ بەدڵنیایی یەوە.

**لاوەکە بەگاڵتە پێکردنەوە: دوای ئەم هەمو بەڵگانەش هێشتا کوڕە بلوێرژەنەکە بێتاوانە؟

*من : بە پێداگری یەوە وتم بەڵێ ئەمجارەش دەڵێم کە بێگومان و دڵنیام.

**لاوەکە: چی هاندەرتە وەها دڵنیابیت؟

*من : ئاوەز،لۆژیک و زانست.

**لاوەکە بەپێکەنینەوە : تۆ تێکچویت،ئەقڵت لەدەستداوە.

2

دوای راوێژکردن دادوەرەکە بەرویەکی ترش و تاڵەوە گەڕایەوە شوێنەکەی
خۆی،چاوێلکەکەی کردە چاوی و بڕیارەکەی خوێندەوە:

دادوەر: دوای راوێژ و تاووتوێکردن، دادگا بڕیاری دا:

یەکەم : پرۆفیسۆر فردریک بیست وچوار کاژێر لە زیندانەکەی پاشکۆی دادگا زیندان بکرێت، چونکە بێڕێزیی و زماندرێژیی بەرامبەر دادگا کرد.

دووەم : پەسەندکردنی داواکەی پارێزەری تاوانبارکراوی یەکەم بە سازدانی لیژنەیەک لە شارەزایان بۆ پشکنینی هۆڵی دادگاو دڵنیابون کە هیچ ئامێر و مایکرۆفۆنێکی شاردراوەی تێدا نییە و کومیتەیەکیش لە زانایانی زیندەوەرناس رێکبخرێت بو بڕیاردان ئایا مار توانای قسەکردنی هەیە.ئەمەش بەمەرجێک هەردو لیژنەکە بەر لە دانیشتنی سبەینێ کارەکەی ئەنجامدابێت ولەگەڵ دەستپێکردنی دانیشتنی سبەینێدا پێشکەشی بکەن.

سێیەم : تاوانباری یەکەمیش هەتا سبەینێ دەخرێتە زیندانەکەی پاڵ دادگا.

دادوەرەکە تەماشایەکی پەنهانی ئامادەبووان دەکات ودوای خولەکێک بێدەنگیی ترسناک دەڵێت:

چوارەم : بە پشتبەستن بە شایەتیدانی شایەتی سەلماندن،بڕیارماندا مارەکەش تاوانبارکراوی دوەمەو ئەویش هەتا سبەینێ لە هەمان زینداندا زیندان دەکرێت!!

سەرەتا لەوە نەدەچو کەسێک لەو رستەیەی دوایی تێگەیشتبێت،تاویك  بێدەنگی وکشوماتی یەک باڵی بەسەرهەمواندا کێشا، ئینجا بووە مقۆ مقۆ و پرتەو بۆڵەیەک کە دادوەر ناچار بو چەندجارێک چەکوشەکەی بدات بە مێزەکەدا بۆ پاراستنی هێمنی هۆڵەکە .

پارێزەری کورە بلوێرژەنەکە هەستاو بە سەرسوڕمانەوە  لە دادوەرەکەی پرسیارکرد کام زیندان؟

دادوەرەکە: زیندانەکەی پاڵ دادگا!

پارێزەرەکە :هەر  یەک زیندان هەیە کە تاوانبارکراوی یەکەم و پرۆفیسۆری تێدا زیندان دەکرێت .

دادوەرەکە :  مارەکەش!!

پارێزەرەکە: چۆن؟

دادوەرەکە : هەر وەک بیستت ئەوە یاسایە.

پارێزەرەکە : چ یاسایەک؟ ئایا یاسا گیانلەبەران سزادەدات یا دەیانخاتە زیندانەوە لەگەڵ مرۆڤدا؟

دادوەرەکە : ئەمە جیاوازە وریزپەڕە، مارێک لەبەردەم دادگادایە کە زمانی هەیە و قسان دەکات و تاوانێکیشی کردووە ،بۆیە هەتا راپۆرتی لیژنەکان دێت وەک تاوانبار تەماشای دەکەین[1] .

پارێزەرەکە: مارێک و دومرۆڤ لە ژورێکدا زیندان دەکەیت؟

دادوەرەکە : بەڵێ، وەک یاسا دیاریکردووە،بەبێ کەلەپچەو بەستنەوەش!!

پارێزەرەکە : ئەوە بڕیاری مەرگە، چون رێگە بەوە دەدەیت؟

دادوەرەکە : من یاسا دەچەسپێنم.

دادوەرەکە : ئەمە شێتی یە،گاڵتەجاڕی یە.

دادوەرەکە: وریابە، زماندرێژی بەرامبەر دادگا نەکەیت، ئەگەر نا دوچاری هەمان چارەنوسیی پرۆفیسۆرەکە دەبیت .

پارێزەرەکە لەترساندا بێدەنگ بو،بێهیوا تەماشایەکی ئەملاو ئەولای خۆیی کرد، دەنگی هاوار وفیعان و نارەزایی لاوەکەو پرۆفیسۆرەکە بەرز بوەوە، وتوێژی نێوان ئامادەبوانیش سەری کێشا بۆ پێکداهەڵپرژان و شەڕەدەست.دادوەریش هاواریکرد دۆسیەکە هەڵدەگرین بۆ دانیشتنی سبەینێی دادگا.

3

تاوانباری یەکەم کە کوڕە بلوێرژەنەکەیەو وپرۆفیسور فریدریک خرانە زیندانەکەوە و بەستنەوەی مارەکەش کرایەوە و لەهەمان ژوری زینداندا ولەسەر فەرمانی دادوەرەکە درگایان لەسەرهەرسێکیان داخست.

بەیانی پێش دانیشتنی دادگا پیاوانی ئاسایش رودەکەنە زیندانەکە بۆ ئامادەکردنی تاوانبارەکان لەبەر دەم دادگادا،بەڵام کە درگایان کردەوە بینییان لاوە بلوێرژەنەکە  کە تاوانباری یەکەمە وزانای زیندەوەرناسیی پرۆفیسۆر فریدریک مارگەستە گیانیان سپاردووە .

**لاوەکە: یەزدان زۆردارانی بە زورداران لەنێوبرد،ئەڵلاهو ئەکبەر.

*من: ئەوە بە هەمو پێوانەیەک قەسابخانەی دادگا و دادوەری یە.

**لاوەکە: ئایا دادوەر یاسای پیادە نەکرد؟

*من : نەئ بەڵکو یاسای کردە چەقۆیەک دادوەریی پێ تیرۆرکرد،زانست و شۆڕشی کردە یەک زیندانەوە و پێکەوە تیرۆری کردن.

**لاوەکە : تۆ زۆر سەیریت،ناتەوێت باوەر بە پەرجو(موعجیزە) بکەیت، ناتەوێت یاسا سەروەر بێت،ئەی ئیتر چۆن راستی یەکە بزانین و دادپەروەریی جێگیر بکەین؟

*من :بە ئاوەز،لۆژیک، ویژدان.

لەبەر خۆمەوە ئەم وشانەم دەوتەوە کە گڵۆپەکان داگیرسانەوە ، هۆڵەکە روناک بوەوە و بینەرەکان هەستان ودەچونە دەرەوە.

*********

ژێدەر

1 - ریزپەڕ: هەڵاوێردن. لەزمانی عەرەبیدا(استثناء- ئیستیسنا)یە.

********

# چیرۆکی دووەم

## جنۆکە [1]

1

نوێژی هە ینیم لە مزگەوتەکەی پێشەواو سەروەرمان حسەین کوڕی عەلی کرد، ئەوەش دوای چەندین صاڵ دورکەوتنەوەم لەم مزگەوتە بەهۆی گواستنەوەمان لە(گەڕەکە دێرینەکە) و ئیتر لەوکاتەوە هە ر لەو مزگەوتەی لای ماڵی خۆمانەوە نوێژ دەکەم،بەڵام نوێژی ئێرە تامێکی تایبەتیی هەیە،ئاوێتەیە بە هەستێکی رۆحئامێزو هێدی هێدی دەڕژێنەوە قوڵایی ناخم،وەک ئەو کاتەی کە منداڵ بوم نوێژی بەرە بەیانی یەکەم رۆژی رەمەزانمان دەکرد،یا کە بە جلە نوێکانمەوە نوێژی جەژنمان دەکرد،ئەو هە

ستانەش هەرهەموی دەژیانەوەو نوێدەبونەوە. کاتێک من لەناکاو ئەوم بینی، بەڵێ ئەوە خۆیەتی.. دوای ئەو هەمو ساڵەش هەڵەیناکەم،سەیرەبێت ئەو دەم وچاوەم بیربچێتەوە،هەڵکشانی تەمەن روخساری گۆڕیوە، من پێشتر تەنها یەک جار بینیومە،ئەویش بۆ چەند چرکەیەک،بەڵام ئەو چەند چرچەکەیە لە بیرەوەریمدا قوڵ قوڵ هەڵکەندراوە.. ئەوە پێڵاوەکانی لەپێدەکات،بەپێی (هوشیارکردنەوە ترسناکە) کەی رۆژانی رابوردو، لەجێی خۆم نەبزوتم،بەڵام چاوم لێنەدەتروکاند، ئەوە دەستی خستۆتە نێودەستی پیرەپیاوێکەوە،چاک وچۆنی دەکەن، پیاوەکە پێیگوت(عەمران کوی باشیت؟).. هەرکە ئەوەم بەرگوێ کەوت کەوتمە دوی، ئەو خێرا رێیدەکرد، منێش هەناسەبڕکەم پێکەوتبو،

بێپەروا هەوڵمدەدا عەمران لەچاوم بزرنەبێت،بەڵام فریای نەکەوتم،لە نێو قەوغای گەڕەکە دیرینەکەدا بزربو،بەهەمو لایەکدا چاوم دەگێڕا و دەمڕوانی بەڵکو بیدۆزمەوە بەڵام چو، دڵنیاشبوم کە نایدۆزمەوە،بڕیارمدا بگەڕێمەوە پانتاێی یەکەی بەر درگای مزگەوت وبەڵکو خوابکات پیرەپیاوەکە بدۆزمەوە.. خۆشبەختانە ئەو هەر لەو ناوە بو،نەڕۆشتبو، چومە بەردەمی، سڵاوم لێکرد، بەڕویەکی خۆشەوە و بەگەرمی دەستی گوشیم، منیش پەشۆکان وشپرزەیی یەکەی خۆم دەشاردەوەو پرسیم:

*ئەو (عەمران) ەی تاوێک پێشتر چاک و چۆنیتان دەکرد ،کێیە؟

برۆکانی لێکنا، وەک نەزانێت،بۆیە بیریمهێنایەوە:

*لێرە نوێژی کرد و کە هاتەدەرەوە لەگەڵ تۆدا وەستابو،چاک و چۆنیتان دەکرد.. هاتەوە یادی، قسەکەی پێبڕیم :

**ئێ ئێ، قۆمیسەر عەمران، چاوەشی ئاژانسی هەواڵگریی وەزارەتی ناوخۆ.

من بە حەپەساویی و سەرسوڕمانەوە وتم :

*ئاژانسی هەواڵگریی؟!

**ئەوە کاتی خۆی،ئێستا خانەنشینە و لە گەڕەکی عابیدین نیشتەجێ یە،پیاوێکی باشە.

حەپەسانەکەی من سنوری حەپەسانیشی بەزاند و دورتر دەڕۆیشت، هیچ تێنەگەیشتم ،پرسیم:

*کاک حاجی، ناوی تەواو یا ماڵیان دەزانیت؟

**نەوەڵا بەڕێز، بەڵام دڵنیام کچەکانی هەرهەمویان شویان کردووە!!

سوپاسی حاجیم کرد و ڕۆشتم. ئەو وەها تێگەیشت دەمەوێت خزمایەتی لەگەڵ عەمران بکەم و کچێکی بخوازم بۆ کوڕێکم، تەنها بیری بۆ ئەوە چو،بەڵام هەرگیز مەبەستی راستینەی پرسیارەکەمی بەبیردانەهات وهەرگیز بەبیریشیدا نایەت. ئامێری ڕۆژگارلەکەللە سەرمدا دەخولایەوە ودەیبردمەوە بۆ سەرەتای ئەو چیرۆکەی کەبیست وپێنج ساڵی خشت لەمەوبەر لەسەر خوانی بەربانگ دەستپێکرد.

2

هێشتا مانگێک بەسەر هاوسەرگیریمدا تێنەپەڕیبو، شوقەیەکیشم بە قەرزی مانگانە له دەرەوەی قاهیرە کڕیبو کە بەناوی ڕۆژێک لە ڕۆژە مێژویی یەکانی ئەم گەل وڵاتەوە ناونرابو،

دیارە ناونانەکەش لە روانگەی میری یەوە،نەک لە روانگەی گەلەوە![2] وەک هەمو بەیانی یەک زو لەخەو رابوم، لەگەڵ هاوسەرەکەمدا دانیشتین پێکەوە ناشتابکەین و بچم بۆسەرکارەکەم[3]،بەڵام لەناکاو هاوارو قیژەیەکمان هاتە گوێ کە لەدەرەوە دەهات،رامانکرد و پەنجەرەیەکمان کردەوە بزانین چی رویداوە ،بەردەم تەلارەکەی بەرامبەرمان قەوغا بو. [4]بڕیارم دا بچمە خوارەوە بزانم چی رویداوە،بەڵام چی ببینم،مامۆستا (مەمدوح) ی تازە زاوا لە ژوری نوستنەکەیاندا بوبو بە خەڵوز،هاوسەرەکەشی خەریکبو تێکدەچو. پۆلیس هات و ئەمبوڵانسێکیش هات ولاشەکەی برد. بەڕاستی زۆر خەمباربوم، دەمویست ئەرکی هاوسێ یەتی بەجێبهێنم، بەڵام پێویست بو بچم بۆ سەر

کارەکەم.. دوای نیوەڕۆ کە گەڕامەوە چیرۆکێکی سەیروسەمەرە بەدەم دراوسێکان و هەمو دانیشتوانی گەڕەکەوە بو، لە هەمو کۆڵان و لەهەمو ماڵێک هەر یەک شت دەوترایەوە کە نازانم لەکوێ وە سەرچاوەی گرتبو،چۆن وەها خێرا بڵاوبووەوە.دەیانوت مامۆستا مەمدوح کە تەنها یەک هەفتەیە هاتۆنەتە گەڕەک،شەو لەپاڵ هاوسەرەکەی دا لە ژوری نوستنەکەیاندا لە دەنگی پێی زەلامێک بەئاگادێت، زەلامێک لەنێوەڕاستی ژورەکەدا وەستاوە،نایناسێت و نازانێت چون و کەی هاتۆتە ژورەوە،چی دەوێت؟چیرۆکەکە دەڵێت کاتێک مامۆستا مەمدوح زەلامەکە دەبینێت، هەرچەند دەحەپەسێت،هاوارێکی بەسەردا کردووە،بەڵام زەلامەکە لە شوێنی خۆی نەجولاوە، کە مامۆستا مەمدوح یش بەرەو روی دەچێت

دەمودەست گڕدەگرێت ودەبێتە خەڵوز،
زەلامەکەش وەک جنۆکە وندەبێت!

یەکەمجار کە چیرۆکەکەم لە دەمی
هاوسەرەکەم  بیست، پێکەنیم، گاڵتەم بە
قسەکەی دەهات و گوتم:

* قسەی قۆڕ و بێواتا، کەواتە جنۆکە بووە یا
عفریت!؟

* *خۆ ئەوە قسەی من نییە،هەمو
وادەڵێن.خودی هاوسەرەکەی مامۆستاش هەر
بەوجۆرە بۆ ژنانی دەگێڕایەوە،لە لێکۆلینەوەشدا
لەبەردەم پۆلیسدا هەر ئەوەی وتووە.

*پێدەچێت ئەوە بەهۆی هەرەسێکی دەرونی
یەوە بوبێت.

**ئەی ئەمەیان چۆن لێکدەدەیتەوە،نە بەنزین و نەدەنکە شقارتەیەک و نەشتێک سوتاوە، ئەو پیاوە ببێتە قەرەبروت؟

*چۆن لێکیدەدەمەوە.. گەر لێکدانەوەیەکیش نەبێت،ئینجا هەر ناتوانم باوەر بکەم جنۆکە و شتی وابوبێت.

روداوەکان زۆر لە لۆجیک بەهێزتربون، بەڵکو لۆجیک و لێکدانەوەی دروستیان کرد بەژێرەوە!.. هێشتا سێ رۆژ تێنەپەڕیبو، کتومت روداوێکی دیکە لە پیاوێک و کچەکەی رویدا، کچەکە لەبیستنی هاواری باوکی لە ژورەکەی ئەودیو رادەپەڕێت،رادەکات دەبینێت زەلامێک لە ژورەکەدایە،هەرئەوەندەی باوکی ویستی بیزوێت، لە چاو تروکاندنێکدا بو بە خەلۆز و زەلامەکەش بزربو! کچەکە هەر بەو جۆرەش کارەساتەکەی بۆ پۆلیس گێڕاوەتەوە.ئەوەی

جێگەی سەرنج و تێڕامانە ئەم خێزانەش تازە هاتونەتە ئەم گەڕەکە.

ترس و لەرزو دڵەڕاوکەیەک سەرهەتا خواری گەڕەکی گرتەوە،ئەم زەلامە کێ بێت کە هەر دەڵێی ئەژدیهای سوتێنەرە. بێگومان کەسێکی ئاسایی نییە، دزیش نییە چونکە هیچ شتێک نەدزراوە.. زۆر کەس لەو باوەڕەدا بون کە جنۆکەو عفریت هاتونەتە ژیانی دانیشتوانی گەڕەکەکەمانەوە،هەندێکیش کە من یەکێکیانم گومانمان هەیە، گومانێکی تەمومژاوی..
روداوی سێیەم و چوارەمیش بەهەمان شێوەی ئەوانی دیکە بەدوای یەکتردا دەقەومان، ئیتر ترس و تۆقین باڵی رەشی بەسەر گەڕەکدا کێشا، دانیشتوان دڵیان دەلەرزی، ئارامیان نەبو،هێزەکانی پۆلیس بەردەوام وبە چڕیی بەناوچەکەدا بڵاوبونەوە،بەرپرس و ئەفسەرەکان

دانیشتوانیان بەسەردەکردەوە و دڵنیایان دەکردنەوە .. ئێستا دێتەوە یادم بە پشکنەرەکەی پۆلیسم گوت، بەڕێز من کەسێکی خوێندەوار و روناکبیرم،ئەم روداوانە ناسەلمێنم و دڵنیام شتێکی تەم و مژاوی تێدایە کە پێویستە ئیوە ئاشکرای بکەن. [5]پڕ بە هەردو چاوە گەورەکانی سەیرێکی کردم،لێی حاڵینەبوم ئینجا وتی ئێمە پشت بە کەسانی ژیر و روناکبیری وەک تۆ دەبەستین بۆ هێورکردنەوەی خەڵکەکە.[6]

شەو،شەوی هەمان رۆژ لەپاڵ هاوژینەکەمدا نوستبوین،شتێک رایپەڕاندم و سەرنجی بۆ نێوەڕاستی ژورەکە راکێشام،زەلامێک بێترس و بیم رەق راوەستابو،تیشکی گڵۆپە سورە کزەکە دەم و چاوی روناک دەکردەوە،زیرەمکرد،هەر مردم و نازانم چۆن رۆحم دەرنەچو! بەڵام ئەو

به دو چاوی تۆقێنەر تەماشای دەکردم، لە شوێنی خۆم نەجوڵام،هێزی ئەژنۆم نەبو،ئەوەشم بیر نەدەچو هەر کەسێک ببزوێت و بەرەو روی بچێت دەسوتێت ودەبێتە خەڵوز. چەند چرکەیەک تێپەڕیکرد لە هەرە ناخۆشترین ساتەکانی ژیانم، کابرا بەرەودوا گەڕایەوە بەرەو درگای ژورەکە و چووە دەرەوە،دەنگی درگای دەرەوەش هاتە گوێم کە دایخستەوە،دڵنیا بوم کە لەماڵەکەدا نەماوە،بەڵام هەتا نیو کاژێریش گێژ وحۆل چاوم لەو شوێنە نەدەتروکاند کە زەلامەکە لێیراوەستابو، وامدەزانی هەر لەوێدا راوەستاوە و نەڕۆشتووە، شێوەی سەرو دەموچاوی وەها قوڵ لە مێشکمدا جێگیر بو سڕینەوەی نەبێت، هەربەوهۆیەوەش بو دوای بیست و پێنج ساڵ هەر ئەوەندەی دیتم لە

دەرگای مزگەوتەکە هاتە دەرەوە یەکسەر ناسیمەوە.

3

من دەمەوێت ئەو رووداوانە لەبیربکەم و ژیانی ئاسایی خۆم بەسەرببەم، بەڵام ناتوانم،پرسیارەکان مێشکم دەکرۆژن،هیچ هیوایەکیشم بەوە نییە عەمران بدۆزمەوە،چۆن بیدۆزمەوە،ناوی تەواوی نازانم، کەسانێکی وەک عەمران کە کارمەندی نهێنی وەزارەتی ناوخۆیە، ناکرێت بە ئاسانی بەدواداچوونی مێژووی ژیانی بکەیت،بەڵام لەگەڵ ئەوانەی بەرەوخوارتردا دەکرێت.. ئا، بەرپرسی دۆسیێ گەڕەکەکەی خۆمان لە کاتی رووداوەکاندا، زۆر چاکە. خۆشبەختانە بەهۆی دۆست و ناسراوێکم لە وەزارەتی ناوخۆ، ناو ونیشانی ئەوبەرپرسەم دەستکەوت. کابرا ماوەی دە ساڵە لەسەر

داواکاریی خۆی بەهۆی نەخۆشی یەوە خانەنشینەو بەتەنیا لە شوقەیەکدا دەژی لە گەڕەکی(ئەلعەجوزە)[7]. سوار ماشێنەکەم بوم بۆ ماڵەکەی، دڵیشم تەپە تەپە لێدەدات کە بیرم هاتەوە کاتێک یەکەمجار دوای ئەو شەوەی زەلامەکە هاتە سەرمان لە ژوری نوستنەکەماندا،بۆ بەیانی یەکەی بە شپرزەیی چوم بۆ نوسینگەکەی،بە چاوە گەورەکانی پێشوازیی لێکردم و بەر لەوەی من دەم بکەمەوە و شتێک بڵێم،ئەو وتی:

* دوێنێ شەو ،کەسە نامۆکە هاتە لات.

** بەڵێ،چۆن زانیت؟

*تۆ چوارەمین کەسێکیت ئەمڕۆ هاتویت،شەوی رابوردو چۆتە سەر چوار ماڵ.خۆشبەختانە هیچ کەسێک روبەڕوی نەبۆتەوە و کەسێکیان زیانێکی بەرنەکەوتووە.

**بەڕێز ئەی دوای ئەوە؟

* پێویستە ئامۆژگاریی و ڕێنماییەکانمان بەسەر دانیشتواندا بڵاو بکەینەوە کە لە هەر ماڵێک دەرکەوت، هیچ کەسێکیان لە شوێنی خۆیان نەجوڵێن.

دیارە نیشانەکانی نارەزایی لە روخسارمدا دەخوێندەوە، وەک بەزەیی پێداهاتنەوەیەک وتی:

*مەفرەزەکان شەقامەکانیان کۆنترۆڵ کردووە و هەناسەیەک چاو لێکنانێین،بەڵام ناچارین بەو هیوایەی بگەینە ئەنجامێک دەرووەکان دابخەین و هاتنە ناو گەڕەک وچونەدەرەوە لێی قەدەغەبکەین.

بەر لەوەی لە نوسینگەکەی بچمە دەرەوە و بڕۆم وتی:

*ئێستاش باوەڕ ناکەیت بەوەی کە دەوترێت ئەو کەسە ئادەمیزاد نییە؟ بە باوەڕ بە خۆبونەوە وتم بێگومان بەڕێز. ئەویش بە زەردەخەنەیەکی گاڵتەپێکردنەوە، وەک بڵێیت خۆت مەنوێنە،تۆ لە ناختدا دەلەرزیت.

هەر بەو جۆرەی ئەو وتی، بڕیار و ڕێنماییەکان جێبەجێکران، منیش وەک ئەو خەڵکە مۆڵەتم لە فەرمانگەکەم وەرگرت، ڕێگە بە هیچ کەسێک نەدەدرا لە گەڕەک بچێتە دەرەوە یا بێتە ناوەوە.. دوای دو ڕۆژ دەنگۆیەک بڵاوبوەوە کە کرێکارەکانی سوپەرمارکتی ئەحمەدیی کە گەورەترین سوپەرمارکتی ئەو ناوچەیەیە، وەک هەمو بەیانییەک کە دەچن بۆسەر کارەکەیان، دەبینن درگاکان کراونەتەوە و گڵۆپەکانیش داگیرساون و کەسیش لە ژورەوە نییە،هەمو شتێکیش لە شوێنی خۆیەتیی

وهیچیش نەدزراوە.. دو کاژێر دواتر هەواڵی مردنی رۆژنامەوانی ناسراو دکتۆر مونیر شندیی بڵاو بووەوە کە ئێوارە لەو پەنیرەی خواردووە کە خۆی لە سوپەر مارکتی ئەحمەدیی کڕیبوی و لە ئەنجامدا لەشی ژەهراوی کردووە. هێزەکانی پۆلیس هۆشداری یان بە هاوڵاتی یان دەدا،هیچ مەخۆن و مەخۆنەوە،خەڵکەکەش روداوی سوپەر مارکتەکە و مردنی رۆژنامەوانەکە بەهۆی ژەهراوی بونی لەشی یەوە دەبەستنەوە بە روداوەکانی شەوەوە و بێدودڵی هەریەکەیان شتێکی دەوت :

کەسی یەکەم : بێگومان زەلامە نەناسراوەکەیە.

کەسی دووەم :  هێشتا هەر دەڵێن زەلام،دەترسن بلێن جنوکەیە؟

کەسی سێیەم : ئەی کەسێک بەتەنیا چۆن دەتوانێت ئەو هەمو کارە بکات؟

کەسی چوارەم : ئەی دێو و درنج چ پێویستی بەوەیە دکتۆر شندی بکوژێت؟

کەسی پێنجەم : دور نییە هەر هەمو خواردن و خواردنەوەکانی سوپەر مارکتەکەی ژەهراوی کردبێت بو ئەوەی هەرهەمو دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لەنێوببات!

کەسی شەشەم : ئەگەر وەک ئێوە دەڵێن کاری دێو و درنج بێت،دێو ودرنج دەیتوانی بچێتە ژورەوە و درگاکەش نەکاتەوە.

کەسی حەوتەم : لەوانەیە جنۆکەو دێو و درنجیش پەیڕەوی هەندێک یاسا دەکەن کە ئێمەی مرۆڤ نایزانین!

کەسی هەشتەم : ئەی ئەم ژیانی دۆزەخە، کەی کۆتاپی دێت؟

4

دەستم بە زەنگی درگاکەوە نا،ئافرەتێک درگاکەی کردەوە، پێدەچێت بەردەستی خاوەن ماڵەکە بێت، پرسیم:

* ئەمجەد بەگ لەماڵەوەیە؟

**بڵیم بەرێزتان کێن؟

*هاورێ یەکی دێرین!

دوای خولەکێک ئەمجەد بەگ دەرکەوت،ئای خوایە چەند گۆرراوە،نیشانەکانی پیریی و نەخۆشیی بە رویەوە،بە رۆشتنەکەیەوە، بە تەماشاکردنەکەیەوە دیارن. نزیک بوەوە و سەیرێکی کردم، بەڵام دەمی نەکردەوە،بەڵکو بەسەر هێمایەکی پۆلیسانەی کرد، وەک ئەوەی بڵێت ها؟ بۆئەوەی قسەبکەم.منیش لەسەرخۆ و بە نەرمونیانی گوتم ئەمجەد بەگ بەرێزتان

نامناسنەوە؟ بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر بەرپرس بویت لەگەڕەکی ئێمە،باشترین بەرپرسیش بویت. کەسێکی وەک تۆ لەبیرناکرێت.

ئەو ختوکەدانی فیزە، بەلایەوە پەسەند بو، جۆرێک رەزامەندی کەوتە سەرروی،ئینجا فەرموی لێکردم بۆ ژورەوە.هەر کە دانیشتین بە هێمایەکی دەست پرسیاری ئەو پاکەتەی کرد کە هێنابوم و لەسەر مێزەکە دامنا،وتم دیاری یەکی بچکۆلەیە،بەڵام ئەو ویستی بزانێت چی تیدایە.

* تۆرتەیە[8].

** بە شۆکۆڵاتە؟

*سەرێکم بۆ لەقان،ئەویش هەر وەک منداڵ گەشایەوە و وتی دەستخۆش،ئینجا بانگی ئافرەتە بەردەستەکەی کرد،ئەو پاکەتە هەڵگرە

وبیخەرە سەر قاپێک و لەگەڵ دوکوپ چای بۆمانی بهێنە. ئەمجەد بەگ هەروا بە سادەیی وتی، نەخۆشیی و ژیانی تەنیایی و لەوانەیە خانەنشینێش کاریگەری یان لەسەر هەڵسوکەوتم هەیە،بەجۆرێک کردارەکانم ماشەڕایی بنوێنن.

دوای چەند رستەیەکی خۆشزمانیی و پیاهەڵدان وبەشان و باڵدا هەڵگوتن لە منەوەو کەیفخۆشیی و پەسەندکردنیش لای ئەوەوە، بڕیارمدا بچمە سەرکرۆکی مەبەستەکە..

ئەمجەد بەگ بێگومان بەڕێزتان ئەو روداوانەتان دێتەوەیاد کە کەسێکی نامۆ شەوانە دەچووە ژوری نوستنی دانیشتوانی گەڕەکی(ئەلعەجوزە) وچەند کەسێکی وەک خەڵوزدەسوتاند، تەنانەت هاتە ژوری نوستنەکەی منیش.. کابرا سەرێکی

بۆخوراند،بیریکی کردەوە،پێکەنی و لەپڕێکدا بەدەنگی بەرز وتی: ئا،ئەو ئۆپەراسیۆنە لە گەڕەکی ئێوە بو؟ ئێ ئێ لەبیرمە.

من لە وشەی ئۆپەراسیۆن تێنەگەیشتم،بەڵام بە دەنگێکی نزم وەک ئەوەی نهێنی یەکی ترسناک بدرکێنم گوتم:

*گەورەم رۆژی هەینی رابوردو خودی ئەو زەلامەم لە مزگەوت بینی، وا دەردەکەوێت کارمەندێکی ئاسایش بووە.

**ئێ؟

*من چاوەڕوانی ئەو وەڵامە نەبوم،پێدەچێت لە روخساریشمدا دیاربووە وئەوەی لە رومدا خوێندبێتەوە، بویە وەک ئەوەی وردە وردە روداوەکان بێنەوە یادی،بە دەنگێکی بەرز وتی:

** تۆ هەتا ئێستاش هەرحەز لە کێشە دەکەیت،لەیادمە ئەوکات بە منت وت باوەڕت بە دیاردەی پیاوە نامۆکە نییە، منیش فەرمانێکم بۆ ئەوکارمەندەی ئاسایش دەرکرد،شەوێ لە ژوری نوستنەکەتدا خۆی پێشاندایت،ئەوەبو تۆش بەیانی یەکەی هاتیت بۆلام خەریک بو میز بە خۆتدا بکەیت. ئەمجەد بەگ ئەمەی گوت قاقا پێدەکەنی و پێکەنینەکەی تێکەڵ بە کۆکەکانی دەبو،بەڵام من هیچ تێنەگەیشتم،زمانم بەسترابو، ئەو بەردەوام بو:

** ئەوە ئۆپەراسیۆنێک بو، کردمان وتێپەڕی، من زۆر بەسەرکەوتویی رابەریم دەکرد وخەڵاتیش کرام.ئەنجامەکان خەریک بون بگەنە رێژەی صەد لە صەد،بەڵام کاری تەواو وبێ کەموکوڕی تەنها کاری یەزدانە.

من هەرچەندە زمانم هاتە گۆ،بەڵام حەپەسان و سەرسوڕمانەکەشم پتر دەبو،زەینم بوبووە زەینی سورڕسورڕە،هیچ حاڵینەبوم.

*گەورەم تکایە بەڕێزتان رونی بکەنەوە مەبەستتان چییە؟لەوەش دڵنیابوم کە ژیانی تەنیایی لەلایەک وئارەزوی گێڕانەوەی ئەو کارانەی بەلای ئەوەوە پاڵەوانێتی و شانازی یە،هۆکاربون ئارەزوی گێڕانەوەی روداوەکانی ئەو کاتەی گەرەکی ئێمە بکات. خۆی گورج کردەوە کە بچێتەوە قاوغی شکۆ ودەسەڵاتی ئەو سەردەمە و ئینجا بە شێوەیەکی وشک و رەق گوتی:

**تاو نا تاوێک دەستگاکانی دەوڵەت،بەتایبەتیش دەستگای هەواڵگریی و وەزاررەتی ناوخۆ چەند ئۆپەراسیۆنێکی نهێنی گرنگ لە هەندێک ناوچە ئەنجام دەدەن بە

هۆکارگەلێکی پەیوەست بە لایەنەکانی ئاسایش وئارامیی، ئابوریی،رامیاری، کۆمەڵایەتیی. گەرەکی ئێوەش کەوتە نێو بازنەی یەکێک لەو ئۆپەراسیۆنانە بە سەرۆکایەتی من.

بەجۆرێک لە باوەڕنەکردنەوە وتم:

*بەرێزتان مەبەستتان ئەوەیە کە ئەوکارانە پلان و سیناریۆ بون؟

** بەڵێ هەموی پلان وسیناریۆ بون!

* بەڵام..

**وتم بەڵی هەموی سیناریۆ بو!

* ئەی قوربانی یە سوتاوەکان؟

** کەس نەسوتا!

* بەچاوی خۆم لاشەکانم بینی.

** له وەزارەتی ناوخۆ هەزاران لاشەی نەناسراومان هەیە،یەکێکیان دەسوتێنراو له شوێنی روداوەکه دادەنرا!

* ئەی ئەو خێزانانەی شەو دەچونە سەریان؟

** ئەو خێزانانە هەمویان سەر بە ئاسایش بون و تەنها لە دو سەرخێزانیش پێکهاتبون و تازەش هاتبونە ئەو گەڕەکەو ناسراونەبون. روژی دیاریکراو لاشەیەکی سوتاو دەبرایە ئەو ماڵە،گوایە ئەوە لاشەی پیاوی ماڵەکەیە(قوربانی یەکەیە)،هاوسەرەکەی یا کچەکەی روداوەکەی بێ کەم و زیاد بەوجۆرە دەگێڕایەوە کە فێرمان کردبو!!

ئەقڵ نایبڕێت،فەنتازیای زانستیی یە، ئاخۆ سبیلبێرج لە سازدانی فیلمەکانی جەنگی ئەستێرەکاندا بیری لە وەها شتێک کردۆتەوە؟ کابرا کە ئەو شتانەی دەگێڕایەوە، راستیی

قسەکانیی و شێوەی دەربڕینە وشک و سارد و ڕەقەکەی لە چاوەکانیدا دەبریسکانەوە، ئەگەر نا دەمگوت خەلەفاوە. ئای خوایە ئەو هەمو روداوە پلان بو،سیناریۆ و شانوگەری بو،ئەی ئەو ترس و لەرز و تۆقاندن و بێ ئارامیی و چاوەڕوانیی مردن  و بون بەخەڵۆزە کە من و هەزارەهای دیکەی وەک من تێیدا دەژیاین؟ پرسیارەکان لە مێشکمدا بەیەکدا دەهاتن، هەر یەکەیان دەیویست زوتر وەڵامێکی دەستگیربێت.

*ئەی ئەگەر یەکێک لە قوربانی یەکان پەلاماری زەلامە نامۆکەی بدایە و نهێنی یەکە ئاشکرا بوایە؟

** هیچ بوارێکمان بۆ ئەگەر و مەگەر و رێکەوت نەهێشتبووەوە،چڕکردنەوەی ئەوەی هەر کەس لێی نزیک بێتەوە دەسوتێت ودەبێتە

ڕەژو،کارێکی کرد کەس پڕکێشی نەکات و ببزوێت و بەرەو روی مەرگ هەنگاو بنێت. ئەمەی وت و قاقا پێدەکەنی، پەنجەی بۆمن رادەکێشاو بە گاڵتەجاڕی یەوە گوتی تەنانەت تۆش.

هەستم بە سوکایەتی یەکی تفت وتاڵ کرد،بەڵام روداوی مردنی دکتۆر شندی و سوپەرمارکتەکەم بیرهاتەوە، خێرا وتم :

* ئەی سوپەر مارکتەکە؟

**ئەویش هەر پلانی ئێمە بو!

*بەڵام دکتۆر شندی کەسایەتی یەکی ناسراوە و بەڕاستیش مرد؟

** بەڵێ دکتۆر شندی بەڕاستی مرد،بەڵام مردنەکەی بەهۆی ئەو پەنیرەوە نەبو کە لەسوپەر مارکتەکە کریبوی،نا نا ئەو سیناریۆیە هەلێکی چاک بو بتوانین بەبەردێک چەند

چۆلەکەیەک بکوژین.یەکەم پێویست بو یەکێک لە قوربانی یەکان کەسایەتی یەکی ناسراو بێت بۆ ئەوەی ترس و بێئارامی زۆرتر بێت و دانیشتووان هیچ گومانێکیان نەمێنێت.دووەم ئەوەبو کە دکتۆر شندی لەبەرەی ئۆپۆزیسیۆن دا بو،ناوی لەلیستی ئەوانەدا بو کە دەستگاکانی ئاسایش ئامادەی کردبو تیرۆر بکرێن.سێهەمیش ئامانجێکی ئابوریی و پاراستن و پشتگیریی سەرمایەی نیشتیمانیی کارا بو لە ئابوری وڵاتدا.

*چۆن؟

من ئەو پرسیارەم کرد،بەڵام هەستمکرد ئەو زۆر نیگەران ویێزارە لەوەی کەسێکی وەک من لە سیاسەتی دەستگا باڵاکانی دەوڵەت و کارەکانیان تێناگات،بەڵام ئایا مافی سەرسوڕمان و پرسیارکردنم نییە؟ ئایا مافی ئاسایی خۆم نییە ئەوە لەدەوڵەت نەسەلمێنم کە دەستگاکانی

بەناوی ئاسایش وئارامیی دانیشتوان و کۆمەڵگاو ئابوریی یەوە ئەو هەمو تاوانە بکەن؟ کێ ئەو دەسەڵاتەی پێداون؟

مەجدی بەگ پارچەیەک تورتەی خستە دەمی و وتی:

**لە یادتە دوای مردنی دکتۆر شندی چی رویدا؟

*بەڵێ چاک لەیادمە، جا روداوی وەها چۆن بیر دەچێتەوە، پۆلیس بەردەوام هۆشداری دەدایە هەموان، هیچ مەخون و هیچ مەخونەوە،خواردەمەنیی و خواردنەوەکان مەترسیی ژەهراوی بونیان لێدەکرێت،هەمو فرۆشگاکان داخران لەترسی ئەو ژەهرەی کابرای نامۆ بڵاویدەکاتەوە.. هەر هەمو دانیشتووان ئاگادارکرانەوە کە پۆلیس و وەزارەتی تەندروستیی خواردن و خواردنەوەی پاک لە چەند شوێنێکی

سەر بە پۆلیسخانە دابەش دەکات و دانیشتوانیش تەنها لەو شوێنانە دەتوانن پێویستی یەکانیان بکڕن.ئێمەش بۆ ماوەی دو هەفتەی رەبەق رومانکردە ئەو شوێنانە .

**ئەو خواردن وخواردنەوانەت دێتەوە یاد کە لەو شوێنانە دەفرۆشران؟

* بەڵێ.

_لەراستیدا ئەوەی دەفرۆشرا،بەرهەمی کارگەکانی چەند وەزیریک و خزمانی سەرۆک بو، مابونەوە و نەدەفرۆشران و ماوەی بەکاربردنیشیان بەسەرچوبو، بڕیارماندا ئەوانیش لەو زیانە قورسە رزگاربکەین.ئەوەش بیرۆکەی من بو، پێشتر وتم خەریک بو ئامانجەکان صەدی صەد بپێکین .

من بێزاربوم لەوەی کە چەند پەشێو و پەشۆکاوم، دەگەڕام بەدوی ناوێکی دیکەدا بۆ ئەو باری دەرونی یە نالەبارەی خۆم کە تێیکەوتوم،بەڵام نەمدەدۆزی یەوە.. لێگەڕێن با هەتا کۆتاپی لەگەڵ  تراژیدیاکەدا بڕۆێن.

5

مەجدی بەگ هەستا چوبۆ تەوالێت،بەڵام هەر وەک بەڕێگاوە شتێکی گرنگی بیرهاتبێتەوە، درگای تەوالێتەکەشی دانەخستبو،دەنگی میزکردنەکەی دەبیستra،بەدەنگی بەرز وتی :

**دەوڵەت کەڵکێکی زۆری لەو ئۆپەراسێۆنە وەرگرت،وەک دەسبەسەرداگرتنی چەند فایلێکی گرنگ لەماڵی هەندێک لە دادوەرەکاندا و ژمارەیەک بەڵگەنامەش لە هۆبەی دادگاکاندا.ئەوە جگە لەوەی قەدەغەکردنی هاتوچۆشەکەش بووە رێگر لەبەردەم چەندین

کەسایەتی ئاینیی ئیسلام کەدەبو ئامادەی کۆبونەوەیەکی گرنگ بن کە بەنیاز بون لە نوسینگەیەکی گەشت و گوزار بیبەستن لە ناوەندی شاردا. گەورەترین دەسکەوتیش ئەوەبو کە بەهۆی پاڵەوانی شانۆگەری یەکەوە هیچ گومانێک نەدەکەوتە سەر دەوڵەت. پلانەکە زۆر شتی دیکەشی تێدابو ئەگەر هەندێک روداوی لابەلا ناچاری نەکردباین کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنەکە بهێنین.

* ئەو روداوانە چی بون؟

لە تەوالێت گەڕایەوە ،بەرامبەرم دانیشتەوە و گوتی:

**سەرەتای ئەو روداوانە بە بەسەرهاتێک دەستیپێکرد،کە بریتیبو لەو هەرا بەنێوبانگەی کە پاڵەوانەکەی ئافرەتێک بو ناوی .. ناوی ..
من گوتم :

*سەلما غەریب!

پێکەنی و وتی:

**هەتیو تۆ زور زۆڵیت، زۆر شت دەزانیت!
..ئەو ئافرەتە جوانێکی باڵا بەرز بو،بەڕاشکاویش
دەیڵێم حەزم لێیدەکرد،ئەویش حەزی دەکرد.
رۆژێک مێردەکەی کە وەک رۆژانی دیکە
دەچێت بۆ سەرکار،بەڵام قەدەغەی هاتوچۆیە
وپۆلیس رێگەیان نەدەدا هیچ کەسێک
لەگەڕەک بچێتە دەرەوە، دەگەڕێتەوە بۆماڵەوە،
سەلما لەو گەڕانەوە چاوەڕواننەکراوەی
هاوسەرەکەی
حەپەسا،دەپەشۆکێت..هاوسەرەکەی  زور
ئاسایی دەچێتە ژورەوە کە جلەکانی
بگۆرێت،بەڵام پیاوێکی بینی لەنێوەڕاستی
ژورەکەدا رەق راوەستاوە، وەک ئەو زەلامە
نامۆیەی کە بیستویەتی دەچێتە سەر ماڵان،

ئەمیش لەجێی خۆی نەبزوت، بەڵكو وەك نیشانەی خۆبەدەستەوەدان هەردو دەستەكانی بەرزكردەوە، كابراش بەڕویەكی گرژومۆنەوە، بێشلەژان پشتی تێكرد و رویكردە درگاكە، بەڵام قاچی لە قەراغی فەرشەكە هەڵنوت وكەوت،خوێن لەسەرپی یەوە فیچقەی دەكرد،بورایەوە. مێردەكەی سەلما چەند چركەیەك لە شوێنی خۆی چەقیی، ئینجا بە پرتاو رایكردە كۆڵان و پۆلیسی ئاگاداركرد،كابرایان دەستگیركرد.. دواتر بۆلێكۆڵینەوە هەمو ئەوانەیان بانگكرد كە كەسە نامۆكە چوبووە سەریان،هەر هەمویان بێ دودڵی وتیان ئەمە ئەو كەسە نییە كە شەو هاتۆتە سەریان.ئەو كوڕەی دەستگیركرا خوێندكارێكی زانكۆ بو، پێكەوە لەگەڵ چەند خوێندكارێكی هاوڕێی دا لەو نزیكانە دەژیان،ژمارە تەلەفونی خاتو سەلما لە

تەلەفونەکەیدا تۆمارکرابو، ژمارە تەلەفونی کوڕەکەش لە تەلەفونەکەی سەلما خانمدا تۆمارکرابو،ددانی بەوەشدانا کە پەیوەندیی خۆشەویستیی لەگەڵ سەلمادا هەیە و ئەو رۆژە ئاگاداریکردووە کە میردەکەی لەمال نییەو چووە بۆلای،بەڵام کاتێک مێردەکەی لەناکاودا گەڕایەوە،ئەوەی بەبیردا هات رۆڵی کەسە نامۆکە وازی بکات بۆ خۆرزگارکردن بەڵام سەرینەگرت.

دیارە من ئەو روداوەم دێتەوە یاد،بەڵام کەلەدەمی ئەمجەد بەگ بیستم هەرچەند مێشکیشمی جەنجاڵ کرد،بەڵام زەردەخەنەیەکم بۆکرد،کەچی ئەو قاقا پێدەکەنی و گوتی: ژنێکی بەرباد بو،ئەو خەڵکە هەمو توشی شۆک بوبون کەدەبینن زەلامێکی هێناوەتە ژورەوە سواری بێت. تۆ دەزانیت مەترسیی ئەو روداوە چییە؟

ئەمجەد بەگ  زور شادمان بو کە من نەزانیی خۆم بەرامبەر بەرێزیان دەربخەم،ئەو هەستە زۆر ئاشکرا بەرویەوە دیاربو، وتی:

**جا چۆن بزانیت؟من پێتدەڵێم. ئەو خوێندکارە، کە رۆڵی کەسە نامۆکەی وازیکرد،ئەوە واتای ئەوەیە کەدانیشتووان (گەل) تێکەڵ بە یاری یەکە بون،ئەمەش زور مەترسیدارە و ئەوە دەدات بە دەستەوە کە دەوڵەت چیتر کۆنترۆڵی بارو دۆخەکەی بۆناکرێت،ناتوانێت بەتەواوی لە بەرژەوەندیی خۆی بیجولێنێت یا بەجارێک کۆتایی پێبهێنێت،ئەمەش دەیخاتە بەردەم مەترسیی ئاشکرابون،هەر بەڕاستیش شتێکی وەها رویدا،چەند روداوێک بەدوای ئەو روداوەدا رویاندا کە هیچ پەیوەندی یەکیان بە ئێمەوە نەبو،دز و پیاو خراپ دەیانکرد و رۆڵی زەلامە

نامۆکەیان وازی دەکرد بو دزیی و تاڵانکردنی ماڵان و جۆرەها تاوانی دیکەش. پێویستە ئەوەش نەشارمەوە کە هەندێک لە هەواڵگرەکانی ئاسایشیش سەرپێچیی یاساو رێساکانیان دەکرد بو بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان. لێرەدا بڕیارێکی بنەبڕ دەرچو کە ئۆپەراسیۆنەکە بوەستێت.

لێرەدا من لە دڵی خۆمدا وتم گەندەڵی هەر گەندەڵی لێدەکەوێتەوە،ئەوە سەیر نییە، گەڕەکەکەی ئێمەش چەند ساڵێک بووبوە شانوی دزو تاوانکار، مەزنەکان تێریانخوارد و بەرماوەکەیان جێهێشت بۆ ڕەگەکان.

ئەمجەد بەگ بەدەم باوێشکدانەوە گوتی:

**تۆ دەزانیت دانیشتوانی گەڕەک بە پزیشک و پارێزەرو ئەندازیارەکانیشەوە پەنایان بۆ سیحر و جادو، بغورد سوتاندن ونوشتە دەبرد بۆ

خۆپاراستن لە پیاوە نامۆکە.هەندێک راپۆرت دەهاتن بۆم،تێر تێر پێدەکەنیم،جا چەند مایەی پێکەنین بون ئەوەندەش بەکەڵک بون بۆ ئۆپەراسیۆنەکە.

*ویستم شتێک بڵێم بەڵام نەمگوت، قسەکردن لەگەڵ کەسێکی وەهادا کەڵکی نییە،بەڵام لە پڕێکدا ئەو هەستایە سەرپێ و هەروەک وتارێک بو جەماوەر بخوێنێتەوە، تەماشای منیشی نەدەکرد، بەدەنگی بەرز وتی: هەمو ئەرکێک یا ئۆپەراسیۆنێک ئامانجی تایبەتیی و دیاریکراوی بۆدانراوە،بەڵام ئامانجی گشتیشی هەیە،کە بیرۆکەی ئۆپەراسیۆنەکە لە پێناویدا رسکاوە و لەژێر سایەی ئەودا جێبەجێدەکرێت،ئەویش بریتی یە لەوەی ئەو کۆمەڵگەیەی ئۆپەراسیۆنەکەی تێداکراوە،[9]ئەو کۆمەڵگەیە بکەیتە کۆمەڵگەیەکی جیاواز، وەک

ئەوەی برینێکی قوڵ لەجەستەیدا جێهێڵیت،جێگە پەنجەتەکانتی پێوە دیاربێت وپەڵەیەکی تێوە بلکێنیت هەرگیز لێینەبێتەوە!![10]

ئیتر لەتوانامدا نەما لەوە پتر ببیستم،بەداخەوە ئەو کابرایە باوەڕی تەواوی بەو قسانە هەبو کە دەیکردن،شانازیشی بەوەوەدەکرد کە کردویەتی.جێگەی داخە ئەو هەمو ژیریی یەی هەبێت و بو پڵانی پۆخڵ و پیلانی چەپەڵ و دڕندانەبەخەساری بدات.

بەدەم هەستانەوە گوتم:

*بەڕێزتانماندوبون.

** ئەویش زور گەلحۆیانە وتی: ئا بەڕاستی ماندو بوم! ئینجا زۆر بێشەرمانەش وتی:

دەتوانیت لەبریی من و بەئەرکی نەزانیت لە
رێستۆرانتەکەی ئەبو شەقرا، کەباب و گۆشتی
برژاوم بۆداوابکەیت و پارەکەشی بدەیت!!نەک
هەر ئەوە،بەڵکو هەر بە تەلەفونەکەی منیش
تەلەفونی بو رێستۆرانتەکە کرد! نازانم بۆ چومە
ژێر باری کەرێتی یەکەی،خۆ لە دەسەڵاتدا
نەماوە و ناتوانێت نەکەڵک ونەزیان بگەیەنێت،
ئەی بۆ؟ ئا، وشەکانی هاتنەوە یادم، زامێکی قوڵ
وجێگە دەست و پەڵەیەک . ئیتر زانیم دوای
تێپەڕبونی ئەو هەمو صاڵەش،هێشتا کۆت و
زنجیری ئۆپەراسیۆنی پیاوە نامۆکە لە دەست
وپێمدایەو پەلەقاژە دەکەم.

کۆتایی

*********

ژێدەرەکان :

1 - جنۆکە : ناونیشانی چیرۆکەکە لە دەقە عەرەبی یەکەدا(پیاوێکی نامۆ)یە،من ناونیشانی(جنۆکە) بەپەسەندتر دەبینم .

2 – شوقە(شوققە) : فلات، بەڵام ئەپارتمان کۆمەڵیک فلات دەگرێتە خۆی.

3 - ناشتا: لەهەندێک ناوچەش دەڵین لە خورێنیی، هەردو وشەکە واتا خواردن و خواردنەوە پێش بەرچایي و نانی بەیانی . لەهەندێک دەڤەری سلێمانیش دەڵێن ناشتا دەکەین و دەڕۆین.ئەمەیان واتا نانی بەیانی(بەرچایي).لەزمانی ئەڵەمانیشدا وشەی (نوشتەرنNüchtern) بەهەمان واتا هەیە!

4 -قەوغا:قەڵەباڵغی(قەرەبالغ) کە وشەیەکی تورکی ئاوێتەیە،قەر: رەش و بالغ : ماسی.بەسەر یەکەوە دەبێتە ماسی رەش !!

5 _ پشکنەر: بەگشتیی بەواتای چاودێر و سەرپەرشتکاریش بەکاردێت،بەڵام لە شێوەزاری برا میصری یەکاندا وشەی(مامور_ مەئمور، شاوێش)بەکاردێت. پێدەچێت وشەکەش لە وشەی مێژەڕی فەرەنسایی وەرگیرابێت. لەفەرمانگەو بنکەکانی پۆلیس لە عێراق و باشور دەڵێن مفەوەز یا معاون یا مەئمورمەرکەز. یەکێک لە ئەرکەکانیشی پشکنین،لێکۆڵینەوە و بەدواداچون و تۆمارکردنی وتەی کەسانی گومانلێکراو وشایەت و ئەوانەش کەپەیوەندی یان بە تاوان و روداوەکانەوە هەیە.لای خۆمان هەتا صاڵانی حەفتاکانیش بە چاودێرەکانی شارەوانی دەوترا چاوەشی بەلەدێ .

6 – خوێندەوار ،خوێندەواری وروناکبیر:لەگەڵ ئەو هەمو شانازی یەی بە زمانەکەمانەوە دەیکەین، دوست ودوژمنیش سەرسامی

دەیانگرێت کە نەتەوەیەکی بندەست و دابەشکراو،چۆن توانیویەتی زمانەکەی بە پاکوپوختەیی بپارێزێت و لەو بوارەدا بۆڕی فارس تورک بداتەوە..بەڵام خۆشمان هەست دەکەین لە چەند لایەنێکەوە هەژاریی و دەستکورتیی پێوە دیارە،هەر بۆنمونە لەبەرامبەر وشەی(مثقف ،ثقافە)ی عەرەبی چی بەکاردەبەین؟  وشەی موسەقەف بەواتای کەسێکی کراوەو بەرچاورون کە چەندین پلەی خوێندن و خۆپێگەیاندنی تێپەڕاندووە و لەهەر بابەتێک کەم و زۆر شتێک دەزانێت ولە خوێندن وخوێندنەوەو خۆپێگەیاندنیشدا بەردەوامە،بەڵام وشەی سەقافە واتا کلتور.
وشەی (خوێندەوار)یش بەشێوەیەکی گشتیی بەوکەسانە دەڵێین کە خوێندەواری یان هەیە(دەزانن بخوێندنەوە و بنوسن).وشەی

روناکبیریش واتا، کەسێکی پێشکەوتنخواز و رو لە زانست و لێکۆڵینەوەی زانستیی و پشتکردنە غەیبیات و ئەودیو سروشت . موسەقەف مەرج نییە روناکبیر بێت. دەشێت روناکبیر بێت و دەشیت تاریکبیر بێت! کەواتە ناشێت وشەی خوێندەوار یا روناکبیر لەبریی (موسەققەف)بەکاربهێنین و هێشتا هاوواتایەکیشمان بۆ نەدۆزیوەتەوە.

7 - ئەلعەجوزە: گەڕەکێکی شاری قاهیرەیە و نوسەر نوسیۆێتی گەڕەکی(العجوزە) بە تێی بە تێی خڕ، کە نیشانەی مێیینەیە لە رێزمانی عەرەبیدا،بەواتای پیرە گەڕەک،گەڕەکە دێرینەکە،یا گەڕەکی پیرەکە(پیرە ژنەکە یا پیرە پیاوەکە) و بەڵام هەڵەیە، چونکە لە زمانی عەرەبدا بۆ نێر ۆ مێ هەر وشەی(عجوز) بەکاردێت و دەڵین(رجل عجوز،امراه عجوز)!

8 - تورته: قاڵبێک کێکی سەر بەمیوە.

9 - ئۆپەراسیۆن: نەشتەرگەریی پزیشکیی بۆ نەخۆشەکان،بەڵام لەم سەردەمی جەنگ وخوێنڕشتنەدا بەکاردەبرێت بۆ هەرکردارێکی چەکداریی وەک گەمارۆدان ، هێرش و پەلاماردان و دەستگیرکردن.

10 - پەڵە، لەکە :عەیبێک لە رەوشت یا جەستەدا وەک کەسانی بێزراو وبێڕەوشت، یا ئەوانەی کەمئەندام یا کەماسی یەکی زکماک یا بەهۆی روداوێکەوە بە لەشانەوەیە. عەرەب پێیدەڵێت(عاهە)، عاهە خلقیە او جسمیە.

************

## چیرۆکی سێیەم

## گەوجاندن

(بەم هاوینە سەرمامانە،زستانە زستان!)

1

کارەبای شوقەکەی مامۆستا (مەهدی فولی) ڕۆژانە تەنها سێ چوار کاژێرە، ئەو دەڵێت ئیترئەو ئامێری کۆندێشنەی کڕیوێتی وبەقەرزی مانگانە پارەکەی دەداتەوە کەڵکی چییە؟لەڕاستیشدا هەرچەندە گەرمای ئەمساڵ بێ ئەندازە بو، کارەبابڕانیش ئەوەندەی دیکە ژیانی سەخت کردووە و بێهیوا دەبیت لە بەرهەڵستیکردنی کاریگەری یە سەخت و پڕوکێنەرەکانی بەسەر جەستەو مێشکەوە.. ئەو ڕۆژەش وەك ڕۆژانی دیکە کارەبا نەبو، مامۆستا مەهدی لە شەقامەکەی پشتیانەوە دەنگی هەلهەلەی دەهاتە گوێ،چووە باڵکۆنەکە بزانێت چی رویداوە، هەستیکرد دەنگی هەلهەلەکێشان و هات و هاوارەکە لە چەند شوێنێکەوە دێت، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئاهەنگێکی خێزانی

هاوسەرگیریی یابۆنەیەکی تایبەتیی نییە،بەڵکو
هەواڵێك بڵاوكراوەتەوە، لەو هەواڵانەش لەم
رۆژانەدا لە میصر زۆرن. دانیشتوانی
شەقامەکەی ئەودیو کارەبایان هەیەو
بیستویانە،بەڵام دیوی ئێمە چونکە کارەبا نییە،
نەمانزانیوە. مامۆستا مەهدی دەستێکی کێشا
بەدەستدا. هەلهەلەو هاوار هاوارەکە بەرزتر
دەبێتەوە و سەرچاوەکانیشی پتر دەبن، ئەمیش
ماخۆلانێتی کە نازانێت چی رویداوە.جلەکانی
لەبەرکرد بچێتە خوارەوە بزانێت چی
رویداوە،بەڵام کارەبا هاتەوە.بەپەلە خۆی
گەیاندە هەردو ئامێری تەلەفیزیۆن
وئێرکۆندێشنەکە وکۆنترۆڵی هەریەکەیانی گرت
بەدەستێکەوە تابتوانێت لەیەك کاتدا
هەردوکیان بخاتەکار.. پێویستی بە گەڕان نەبو،
هەمو کەناڵەکان گەرماوگەرم و بە نێونیشانی

(هەواڵێکی بەپەلە) هەواڵەکەیان بڵاودەکردەوە:(بۆ سوککردنی خەم وبارگرانی یەکانی سەرشانی هاوڵاتیان، سەرۆك بڕیاریدا وەرزی زستان لە سبەینێ وە لە میصر دەستپێدەکات!!!)

مامۆستا مەهدی لە تەلەفیزیۆنەکە چووە پێشەوە، باوەڕی نەدەکرد، چاوەکانی هەڵگلۆفت و جارێکی دیکەش هەواڵەکەی خوێندەوە،چووە سەر کەناڵێکی دیکە و ئەوانی دیکەش هەمویان هەر هەمان هەواڵ و بەهەمان شێوە بڵاودەکەنەوە. هەروا بەشێوەیەکی ئاسایی رۆژژمیری سەردیوارەکەی کەوتە بەر چاو،12 ی حوزەیران ! سەیرە، پێکەنینێکی شێتانەی حەپەساو دەیگرێت، ئایا زستان بە بڕیاری سەرۆکایەتی دەستپێدەکات؟ چۆن دەبێت؟ دەنگی ئاهەنگێڕان وهەلهەلەکێشان لەدەرەوە

هەربەردەوامە ولە تەلارەکەی ئەمانیشەوە بەرزدەبێتەوە،کەناڵەکان راستەوخۆ شادمانیی جەماوەر پەخش دەکەن و ستۆدیۆی شیکردنەوە و رونکردنەوەی بڕیارە سەرسورڕهێنەرەکە دامەزراوە و دەستبەکارن.مامۆستا مەهدی بەنێو کەناڵەکاندا دەگەڕا،بەڵکو شتێك تێبگات. یەکێك لە مێوانەکانی ستۆدیۆ وتی(ئای کە سوپڕایزو مژدەیەکی خۆشە لە سەرۆکەوە بۆ گەلەکەی بە بۆنەی دەستبەکاربونی بەڕێززانەوە.) یەکێکی دیکە وتی(لەکۆتاییدا بوینە خاوەنی سەرۆکێك کە لەپێناو هەڵگرتنی خەم وبارگرانی یەکانی سەرشانی هاوڵاتیاندا، دور لە سنوقەکانی هەڵبژاردن بیردەکاتەوە. یەکێکیش دوای ئەوان ،بەڵام وەك ئەوەی  لەبنەوە ئاگادار بێت وتی من دەزانم بەڕێزیان دەمێك بو، هەر لەوکاتەوە کە

تەنها سەرۆکی پارتی کەرامەت و یەکێک بو لەکاندیدەکان بۆ پۆستی سەرکۆمار، بەهاوکاریی لەشکرێك لە زاناو پسپۆڕەکانی حیزب ئامادەکاریی بۆ ئەم بڕیارە مێژوویی یە دەکرد.بەڵام مامۆستامەهدی لە ئەم بەندو باڵۆرەیە تێنەدەگەیشت ، وڕ وگێژو کاس وڕ،توشی سەرەخولەیەك بو، زەردەخەنەیەکی گەمژانەی دەهێنایە سەر لێوی و بەردەوامیش هەر تەماشای دەکرد وگوێیدەگرت..تەلەفونەکەی زرنگایەوە، ئاوازی زەنگەکەی دەناسی،ئەکرەمی هاوڕێی بو،بەسەرگەرمی یەوە وتی: مەهدی زانیوتە چی رویداوە؟

ئەمیش بەهەمان سەرگەرمی وتی: بەڵێ بەڵێ.

ئەکرەم : سەرۆکێکی بلیمەت،کوڕم ئەوە بەبیری کەسدا دەهات؟ ئیتر مەڵێ ماتۆڕ وتۆربینی کارەبا و پلانی پێنج ساڵە[1].

مەهدی : بەڵام شتی وا چۆن دەبێت؟

ئەکرەم : ئەی گوێبیست نەبوی سەرۆکی دەزگای کەش و هەوا وتی چی؟

مەهدی : نەء، کارەبا نەبو، ئەوە تاوێکە هاتۆتەوە.

ئەکرەم :سەرۆکی دەستگاکە هەواڵێکی گرنگی راگەیاند لەبارەی رێککەوتنێك لەنێوان میصر روسیادا. بە پێی ئەو رێککەوتنە لەوڵاتی روسیاوە بەهۆی تەکنۆلۆژیایەکی پێشکەوتووەوە کە زانا هەڵکەوتووەکانمان و زاناکانی روسیا دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر و چەندین تاقیکردنەوە و ئەزمونکاریی تاقەتپڕوکێن، (با)ی سارد لە روسیاوە پاڵدەدەن بۆ ئێرە، ئەی ئەوە نەبو نزیکەی هەفتەیەك لەمەوبەر رۆژێکی زۆر گەرم بو،کەچی باران دەباری!

مەهدی : بەڵێ وابو.

ئەکرەم : ئەوە یەکێك بو لە دوا تاقیکردنەوەکانی داهێنانەکە، کەزاناکانمان کردیان.

مەهدی : وەك خەو وەهایە.

ئەکرەم : هەر وایە،دەڵێی خەوە. لەناخەوە منی هەژاندووە. سەرۆك ،کورم سەرۆك..لای سەرۆك هیچ شتێك نییە نەکرێت.

مامۆستا مەهدی دوای ئەو قسانەی ئەکرەم، بیری لەوەدەکردەوە کارێك بکات هەڵچون و سەرگەرمی یەکەی دابەزێت، ئاخر ناهەقی نەبو،بە رادەیەك هەستی بە شادی و شانازی یەکی بێ وێنە دەکرد،لەشوێنی خۆی بەرزدەبووە وە .. بڕیاریدا بچێتە خوارەوە بەشداری ئاهەنگو شادمانی یەکان بکات،بەڵام بەر لەوەی بڕوات تەماشایەکی ئامێری ئێرکۆندێشنەکەی کرد و بە

بزەیەکی گاڵتەجاڕی یەوە وتی : لە سبەینێوە گەرما نامێنێت، زستانە زستان، ئیتر ئامێرێکی بێکەڵکیت، بریا نەمکڕیتایە!

مەهدی ئەو شەوەی لەدەرەوە بەسەربرد، بە نێو ئاهەنگێڕانی جەماوەر و شادی دەربڕیندا بەبۆنەی بڕیارە مێژویی یەکەی سەرکۆمار وهاتنی وەرزی زستان و سەرماوصوڵە لەمانگی حوزەیراندا!!!

پیاوێك  وتی: نرخی شوتی یەك گەیشتە 120صەدوبیست جونێیە[2] .

مەهدی : چەند؟!

پیاوەکە : نەك هەر شوتی، ترێ و قەیسیش،بازرگانەکان ملیۆنەها جونێیە دەچننەوە.

مەهدی رۆشت و بەدەم رێگاوە دەیوت چش لە میوە ئاوی ئامون و تونی بابا بچێت!
هەلپەرستیی و چاوچنۆکیی بازرگانەکان، جوانیی وقەشەنگیی روداوە مێژویی یەکە دەشێوێنێت،بەڵام تۆ بڵێیت ئەوە راست بێت و لەسبەینێ وە بکەوینە وەرزی زستان؟
مامۆستا مەهدی کە گەیشتە ماڵەوە بۆ یەکەمجار زۆر پەرۆشی هەواڵەکانی کەش و هەوا بو، کچە بێژەرەکە بە دڵنیایی یەوە وتی (سبەینێ یەکەمین رۆژی زستانەو کەش و هەوایەکی مەیلەو سارد سەرتاخواری وڵات دەگرێتەوەو شەویش لە رۆژ ساردتر دەبێت .مەهدی بە شادمانی یەوە چەپڵەیەکی لێدا، تەلەفیزیۆنەکەی کوژاندەوە ، رویکردە ژوری نوستنەکەیی و بە شاگەشکەیی یەکی منداڵانەوە کۆنترۆڵی ئێرکۆندێشنەکەی گرتە دەست و

ئامێرەکەی کوژاندەوە و لەبەر خۆیەوە دەیوت مەهدی! پلەی گەرما هەتا بەیانی بەرە بەرە دادەبەزێت، ئەگەر نەیکوژێنیتەوە، بەیانی کە لەخەو رادەبیت سەرتا پێی لەشت بەستویەتی !

2

بەیانی کە مامۆستا مەهدی لەخەو رابو،لە ئارەقەدا مەلەی دەکرد. سەیرێکی ئێرکۆندێشنەکە دەکات، دەبینێت کوژاوەتەوە.. ئا، لەوانەیە بەهۆی کوژاندنەوە و داگیرساندنەوەی تەوژمی کارەباوە لەکارکەوتووە،بەڵام هاتەوە هۆش خۆی، هوشیار بووە وە و هاتەوە بیری کە دوینێ شەو لە ترسی .. ئەی باشە ئەمڕۆ ..؟ دەستێکی بە لەشی خۆیدا گێڕا،سەرتاپا ئارەقە بو، چەندجارێک سەری راوەشاند.. ئەرێ من خەو دەبینم؟بەدەستی خۆم ئێرکۆندێشنەکەم

کوژاندەوە، ئەی چی رویداوە؟ کوا زستان؟
بێگومان شتێك رویداوە دواتر روندەبێتەوە.
ئێستا درەنگە بۆ چونە سەرکار. هەستاو کاسەی
سەری قورس وتژێ بو لە پرسیار،بەڵام باوەڕ و
متمانەی بە سەرۆك و رابەری وڵات تاڵە مویەك
لەق نەبو،لەدڵی خویدا وتی: دڵنیام شتێکی
چاوەڕواننەکراو هاتۆتە پێش و ئەوەش رون
دەکەنەوە .. جلێکی سوکەڵە و هاوینەی
کردەبەر،تیشێرتێك و پانتۆڵێکی جینز و چووە
دەرەوە.. بەرێگاوە بۆ سەر کارەکەی دیمەنێکی
زۆر نامۆ چاوەڕوانی مامۆستا مەهدی
دەکرد،رێبوارەکان دوبەش بون،بەشێکیان بەرگی
هاوینەیان پۆشیبو لەگەڵ گەرما پڕوکێنەرەکەدا
بگونجێت، بەشەکەی دیکەش جلی زستانەی
ئەستور و خۆیان پێچاوەتەوە، هەروەکی
دانیشتووانی ئەسکیمۆ،نەك هەر ئەوە،بەڵکو

هەندێکیان بەڕێگاوە فوی بە نێو لەپی
دەستەکانیدا دەکرد وەك ئەوەی لەسەرماندا
خۆیان گەرمبکەنەوە! هەر لایەکیشیان
بەسەرسوڕمان ونارەزایی یەوەلەبەشەکەی
دیکەی دەڕوانی.مامۆستا مەهدی سەرێکی
بەرزکردەوە و تەماشایەکی ئاسمانی کرد بۆ
ئەوەی دڵنیابێت کە ئەوەی بەئاسمانەوەیەو ئەم
مەنجەنیقەی داخستووە خۆرە و شتێکی دیکە
نییە.. کە گەیشتە شوێن کارەکەشی بارودۆخەکە
جیاوازی یەکی ئەوتۆی نەبو، هەر کە چووە
ژورەکەی خۆیان، بینی هەرچوار هاورێکانی،
سیانیان بەرگی زستانەیان پۆشیوە و چوارەمیان
وەك ئەم بەرگی هاوینەی پۆشیوە! گورج
لێیپرسین سەرماتانە؟ هەرسێکیان پێکەوە وتیان
بەڵێ ساردە! ئەمیش تەماشایەکی هاوڕێی
چوارەمی کردو زەردەخەندەیەکیان بۆ یەکتر نارد.

3

کات تێدەپەڕێت وپلەی گەرماش هەر
بەرزدەبێتەوە، ئارەقە دەنیشێتە نێوچاوان و
مرۆڤ  هەست بەبێزاریی و ماندوبونێکی زۆر و
شەکەتبون دەکات، هاوڕێی چوارەم مۆڵەتی لە
سێ هاوڕێ زستانەیی یەکە وەرگرت کە پانکەکە
بخاتە گەڕ، بەڵام  تەنها یەکێکیان بەنابەدڵی وتی
: باشە، با بەدڵی تۆ بێت، هەرچەند ئەو نابەدڵی
یە کەڵکی ئەوەی نەبو لەو دۆزەخەی ژێر ئەو
هەمو جلە ئەستورانە فێنکی بکاتەوە. مامۆستا
مەهدیش هەر پرسیاری دەکرد و دەیویست
تێبگات، بەڵام هەرگیز وەڵامێکی نەبیست.دەمەو
نیوەڕۆ یەکێك لە سیانەکە چیتر بەرگەی
نەگرت و روخا، لەناوەڕاستی ژورەکەداو لەژێر
پانکەکەدا بەپێوە راوەستا، بە بێزاریی و تۆڕەیی
یەوە جلە زستانەیی یەکانی فڕێداو هاواری

دەکرد ئەم گەرما پڕوکێنەرە چییە؟ کوا زستان جەنابی سەرۆك؟

هەر پێنج هاوڕێکە تەماشایەکی پڕمانای یەکتریان کرد، بێئەوەی ورتەیان لەدەم دەرچێت،شتەکە بووە مایەی سەرسوڕمان و نارەزایی، هیچ هەواڵێکی نوێش لە ئارادا نییە،کەناڵەکان هێشتا دەنگوباسی بلیمەتیی سەرۆك و بڕیارە مێژوییەکەی و هەوڵی زاناکان وشادمانی هاوڵاتیان بڵاودەکەنەوە، بێئەوەی بەلای بەرزبونەوەی پلەکانی گەرمادا بچن! پێدەچێت هەر ئەو دوفاقیی و تەمومژە مەتەڵئامێزە هانیان بدات کە دەم نەکەنەوە و نەپرسن ئەرێ ئەمە چ بەزمێکە، هەتا خۆیان تێدەگەن یا کەسێك، لایەنێك بۆیان روندەکاتەوە.

بەزمەکە پێشوەخت بەرنامەرێژکرابو، ئەوەش ئاشکرا دیاربو،بەڵام ئەوە بو مامۆستا مەهدی تێنەدەگەیشت،کاتێکیش دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، بەدرێژای شەقامەکە و شەقامەکانی دیکەش چەندین شەڕ و پێکداهەڵپرژان و کێشەو هەراو توندوتیژیی دەبینیی، هەموشی لەسەر یەك شت بو،چەند کەسێك لەوانەی کە جلی زستانەیان پۆشیوە پەلاماری کەسێك یا چەند کەسێك دەدەن کەبەرگی هاوینەیان پۆشیوە و دڵڕەقانە دەیانکوتن، کە چاوی بە پۆلیسیش دەکەوت لەنزیك ئەو هەراوهوریاو پێکدادانە، وایدەزانی ئەوە هەڵمەتێکە بۆ دەستگیرکردنی ئەوانەی رێزی یاسا ناگرن، ئیتر هەستێکی قوڵی بە شانازی دەکرد بە سەرۆکی نویێ، هەرچەند هێشتا چاوەڕوانی وەڵامێکی دەکرد ئایا زستان بۆ نەهات؟! مامۆستا مەهدی ئەم بابەتانەی تاو

و توێ دەکرد،کە کەسێك هاواری کرد، دەستی بۆ ئەم رادەکێشاو دەیقیژاند: ئەوەش یەکێکە لەوان، بیگرن! چەند کەسێك ئەوەندە کتوپڕ پەلاماریاندا،ئەم بەجۆرێك شڵەژا هیچ کاردانەوەیەکی نەبو،یەکێکیان یەخەی گرت و بەهەمو هێزی خۆی شەپازلەیەکی تێسرەواند و وتی: کوڕی صەگ بەرگی هاوینیت لەبەرکردووە؟ گاڵتە بە سەرۆك دەکەیت،گەرەکتە ئاژاوە بنێیتەوە،دەتەوێت وەهائەو خەڵکە بەهەڵەدابەریت کە بڕیارەکەی بەڕێزیان سەرینەگرتووە؟ئیتر بەشەق وشەپازڵەو مستەکۆڵە ئەوەندەیان تێهەڵدا هەتا بورایەوە و کەوتە سەر زەوی.

5

مامۆستا مەهدی هەرئەوەندەی گەیشتە ماڵەوە،جانتای جلە زستانی یەکانی لە ژێر

جێگەی نوستنەکەیدا دەرهێنا، کەلەپار هاوینێ
وە پێچابونی یەوە و بەدیاریەوە دانیشت
تەماشای دەکرد، دەستێکیشی بۆ لاچاوی برد
کە هێندەی قۆخێك ئاوصابو،جگە لە
درونەوەی چەناگەی بەچوار تەقەڵ. مەهدی
لەدوای پەلاماردان و لێدان
وبریندارکردنەکەی،کەهاتەوە هۆش خۆی لە
نەخۆشخانە بو، دوای چارەسەرکردنی پێویست
یەکێك لە پزیشکەکان بە سرتە پێیوت:
بەقسەی من دەکەیت بەم جلە هاوینیانەوە
مەچۆرە دەرەوە، هەرکەس جلی هاوینەی
لەبەردابێت پەڵاماردەدرێت.ئینجا بە ئەسپاییتر
وتی: دوکەسیش بەوهۆیەوە گیانیان
لەدەستداوە. یەکێك لەبرینپێچەکان بلوزێکی
خوری و قەمصەڵەیەکی چەرمی بۆ
هێنا،لەبەریکردن و بەرەو ماڵەوە کەوتەڕێ،

هێرش وو پەڵاماردانیش هێشتا هەر بەردەوام بو،بەڵام میوەی هاوینە هەر مابو،چونکە سەرۆك لەبەر خاتری گەل نەیهێشت  لەبازاردا نەمێنێت. بەڵێ سەرۆك ئەوەی کرد، بەڵام دوای ئەوەی فرۆشیارەکان دوێنێ شەو ملیارەهایان چنییەوە،ئایا ئەوە رەوایە! مەهدی لە ژورەوە بەدیار جانتای جلەکانەوە دانیشتبو، گێژو حۆل تەماشای دەکرد، تەماشاکردنێکی بێواتا، بێواتا وەك هەمو ئەو شتانەی لە دوێنێ شەوەوە رودەدەن، ئەوەش دوای ئەوەی کە بڕیارە مێژویی یەکەی سەرۆك لەژێر تینی گەرمای خۆرەکەدا تلیسایەوە. لەوەتەی ئەو (زستان)ە هاتووە کە چۆڕە چۆڕی ئارەقەی دەم وچاوە ئاوساوەکەی لەڕویدا وەستاوە وگاڵتەو قەشمەری پێدەکات،لەوەتەی لە کەناڵەکاندا وێلی وەڵامێك،لێکدانەوەیەکە،بەڵام هەریەك

نێونیشان وسەردێڕ و مانشێتەو گۆڕانێکی بەسەردا نایەت و بریتی یە لە: (هاوڵاتیان لە یەکەمین ڕۆژی زستاندا جلی ئەستوریان پۆشیوە و سوپاسی سەرۆکمان دەکەن) .

ڕۆژی دوایی مامۆستا مەهدی بەجل و بەرگێکی ئەستۆرەوە چو بۆ سەرکارەکەی، شەڕو پێکدادانی سەر شەقامەکان کز بوبو، بەڵام هێشتا دەیەها کەس لەهەردوبەری شەقامەکان چاوە چاوی نێچیرێك بون .. کە گەیشتە نوسینگەکەی بینی کە هەمو هاوڕێکانی بە جلی زستانەوە لە پشت مێزەکانیانەوە سەرگەرمی کارن، سەرنجی کەوتە سەر هاوڕێی چوارەم کە ئەویش دوێنی بە جلی هاوینەوە هاتبو، بینی لوتی ئاوصاوە و شین و مۆر بۆتەوە، نێوچاوانیشی برینێکی قوڵی پێوەیە.. هاوڕێکەشیان کە دوێنی گەرما زۆری بۆهێنا

،کۆنترۆڵی خۆیی لەدەستدا،پەتی پچڕیی
وپانکەی ژورەکەی خستەکارو لەژێریدا
مایەوە..ئەمڕۆ جگە لەپۆشاکی زستانە، کڵاوێکی
خوریشی کردۆتە سەری. هەر ئەو پرسیارانەو
هەر ئەو سەرسوڕمان و حاڵینەبونەش لە سەری
هەموویاندا شەپولی دەدا،بەڵام نەدەهاتە سەر
زمان و ببێتە ئاخاوتن و دەربڕین.. مەهدی
تەماشایەکی پانکەکەی کرد کە بێناز لە
بنمیچەکەوە شۆڕبۆتەوە و کەس ناوێرێت
بیخاتەکار، هەتابڕیار دەدرێت ئەم (زستان)ە
کۆتاییهاتووە، وەك چۆن بە بڕیارێك کۆتایی بە
هاوین هێنرا! ئەو کارمەندانە هەریەکەیان
بیروهۆشی پەرش و بڵاو بەهەمولایەکدا دەچو،
ئارەقەیەکی لینج و گەرم و قێزەون بەسەرتاپای
لەشیاندا دەهاتە خوارەوە، کاتێک کە جەنابی
بەڕێوەبەری گشتیی و دوکەسی کەشخە بە قات

و بۆینباخ وپاڵتۆوە هاتنە ژورەوە،چەند کەسێکیش لەپشت ئەوانەوە هەریەکەیان کارتۆنێکی گەورەی هەڵگرتبو.بەڕێوەبەر بەشادمانی یەوە بۆ فەرمانبەرەکان دەدوا، بەڵام ئەوەندە زیادەڕۆیی تێداکرد، بیتامیکرد و وتی: ئەم  بەڕێزانە لە سکرتاریەتی حیزبەوە تەشریفیان هێناوە، مژدەی خێروخۆشیمان بدەنێ.ئینجا رویکردە ئەوان و بەسوعبەتەوە فەرموی هەمو خولەکێك لە خزمەت ئێوەدا مژدەی خێرو خۆشیی و سەرکەوتن و هیوامان دەداتێ.. ئەم قسانەی دەکردو دەمیشی بەزەردەخەندەیەکی درۆزنانە پاندەکردەوە، دو بەڕێزەکەی لەتەکیدا بون،ئەوانیش بەزەردەخەندەیەکی دروزنانەتر، سەری پەسەندکردنیان بۆ دەلەقاند و یەکەمیان وتی: بێگومان بەڕێز سەرکۆمار زۆر مکورە لەسەر  ئەوەی نارەحەتیی و باری سەر شانی

هاوڵاتیان سوك بكات[3]. بەڕێوەبەر خۆی تێهەڵقورتاند و وتی:بێگومان، بە دڵنیایی یەوە.

بەرپرسەکە بەردەوام بو لە سەر ئاخاوتنەکەی و وتی بەڕێزیان دەزانێت کە سوپرایسەکەی دەستپێکردنی وەرزی زستان هەرچەند زۆر مەزن و مێژویی و مژدەبەخش و دڵخۆشكار بو،بەڵام هەندێك ئاژاوەشی لێكەوتەوە.بێگومان بڕیارەکە ئەوەندە کتوپڕبو، زۆر کەس نەیانتوانی و نەپەرژان پێویستی یەکانی زستان دابین بکەن، بۆیە بەڕێزیان بڕیاریدا کە سکرتاریەتی حیزب پەتۆ و بەتانی بە نرخێکی زۆر هەرزان بخاتە بەردەست کارمەندانی دەوڵەت.

بەڕێوەبەری گشتیش بۆی دەسەنێتەوە: بەڕێزیان لەباوك باوکترە، سوێند بەیەزدان ئێمە لە خەوێکی خۆشدا دەژین، نرخی پەتۆیەك تەنها150صەدو پەنجا جونەیهە!!

مامۆستا مەهدی لە دڵی خۆیدا وتی :
باوکەڕۆ،باوکەڕۆ.. ئەو پەتۆیانە چاك دەناسم، لەکاتی خزمەتی سەربازیدا بەکارماندەبرد،خراپترین جۆری پەتۆیە لەسەر زەوی، نرخیشی ناگاتە پێنج جونێە، بەڵام ئەوان وەك یارمەتیدان بە ئێمەی دەدەن بۆ ئەوەی بتوانین بەرگەی زستانەکە بگرین!! ئەو زستانەی بەزۆر پاڵمان پێوەدەنێن پێشوازی لێبکەین هەرچەند دیار نییە ونەهاتوشە.
روداوەکان لە زنجیرەیەکی ترسناکدا بەدوای یەکدیدا دێن، بڕیارەکە..سوپڕایس ..بازرگانە چاوچنۆکەکان، جل و بەرگ،شەڕو پێکداادان و خوێنڕشتن کە هیچ دەزگایەکی میریی و میدیاکان بەلایدا ناچێت. ئێستەش ئەم پەتۆ بێکەڵکانە.. یەکێك لە هاوڕێکانی سیخورمەیەکی تێوەژەند، وریابە لەگەڵ تۆیانە.. مامۆستا تۆش وەك

هاورێکانت پەتۆیەك ناکڕیت؟ بەر لەوەی ئەو وەڵام بداتەوە،بەرپرسی یەکەمیان وتی : لێیگەڕێن، بەدڵی خۆی، لەوانەیە هەست بەسەرمانەکات.بەڵام مەهدی هاواریکرد: یەکێك نا، دوان دەکڕم. ئەو چرکەساتە لەبیرەوەری مەهدی دا نەخش بووە و لەبیرناچێتەوە..تەماشاکردنەکەی کابرای بەرپرس هەزارویەك واتای هەبو،هەرواتایەکیش وەك قامچی، دڕندانە جەستەیی داخدەکرد، تەماشاکردنێك بەوپەڕی لوتبەرزیی وخۆسەپاندنەوە.بەرسڤی مامۆستا مەهدی زۆرتر لە پاڕانەوە دەچو، ئینجا بەرپرسی یەکەم،دوبارە سەیرێکی کردەوە، وەك ئەوەی بڵێت ئافەرین دەستخۆش[4] .

مەهدی  چووە دوکانەکەی مام برایم و وتی: تکایە پاکەتێك کلنێکس. هەرخێراش هەستیکردو وتی: هەڵامەتمە،مام برایم سەرمام بووە! مام برایمیش سەری سوڕمابو،چ پێویست دەکات مامۆستا مەهدی هۆکاری دەستەسڕکڕین رون بکاتەوە، بەرویەکی خۆشەوە وتی بێوەی بن بەگم.

ئیتر رۆژگار وەها دەگوزەرا، خۆ ناکرێت مەهدی سەرکێشیی ئەوە بکات،مام برایم واتێبگات کە کلینیکسی بۆ سڕینی ئارەقەی دەم وچاوی دەوێت.. هەتا ئەم رادەیە؟ بەڵی هەتا ئەم رادەیەو ئەولاتریش.. مەهدی کە هەست دەکات حکومەت چەند مکورە لەسەر سەرکەوتنی بڕیارەکە، ئەمیش لای خۆیەوە زۆر زیادەڕۆیی دەکات لە خۆدەرخستندا.. جا هەر ئەوەندەی گەیشەوە ماڵەوە، درگاو پەنجەرەکانی

داخست و خۆی روتوقوتکردەوە، کارەبا هەبو، ئێرکۆندێشنەکەی داگیرساند و لە ژێریدا تەخت پاڵکەوت، هەستی بە بوژانەوەیەك دەکرد و سەیرێکی ئامێری کۆندێشنەکەی کردو وتی: داوای لێبوردن دەکەم! بەڵام حەوانەوەکەی زۆری نەخایاند، زەنگی درگاکەی لێیدا، لەبەر خۆیەوە جنێوێکی فڕێدا، کوڕی صەگ ئێستا کاتی ئەوەیە؟ناچار بیجامەکەی لەبەرکرد و درگاکەی کردەوە.میوانەکە دکتۆر (لیقا تەرجومان)ی دراوسێی بو، دکتۆر تەمەنی شەصت صاڵەو پزیشکی ئافرەتانە، هەرچەند ئەو هاتنە بۆ مەهدی چاوەڕوان نەکراویش بو، فەرموی لێکردو چونە ژوری میوان.دکتۆر لیقا بە شێوە رێزێکی وشکەوە وتی : ببورن کە بێ ئاگادارکردن هاتم.

مەهدی : بەڕێزتان هەرکاتێك بفەرمون بەخێربێن.

دکتۆر : یەکسەر دەچمە نێو مەبەستەکەوە.

مەهدی : فەرمو.

دکتۆر : هێشتا کارەبا نەهاتۆتەوە.

مەهدی لەدڵی خۆیدا وتی : دکتۆر لیقا کەسێکی روناکبیرە و دڵنیام کە چاوبەستی ئەم زستانە بەسەریدا تێناپەڕێت، بەڵام کە قات و بۆینباخی لەبەردایە، ئەو هاوین و زستان هەروایە.
مەهدی وتی : بەڵێ دکتۆر خۆ بینیت؟

بەڵام دکتۆر، مامۆستامەهدی حەپەساند، کاتێك وتی هەرچەند لە زستانیشداین! ..

مەهدی دەمی داچەقاند و هیچی نەوت.

دکتۆر: بڕانی کارەبا لە زستاندا تەنها یەك پاساوی هەیە.

مەهدی : چییە؟

دکتۆر : بە رقوکینەوە وتی : ئەوەیە کەسانی وەك تۆ دەیکەن.

مەهدی : وەك من؟

دکتۆر : هەمو رۆژێك کە دێمەوە دەبینم ئێرکۆندێشنەکەت تەڕەو دڵۆپە ئاوی لێدەتکێت، تۆلە زستاندا کۆندێشن هەڵدەکەیت، ئەی کەڵەکباز؟

مەهدی : دکتۆر لیقا، من..

بەڵام دکتۆر بەتوندیی قسەکەی پێدەبڕێت و دەڵێت مەبەستت چییە و بەنیازی چیت؟ئامێری زۆر بەکاربهێنرێت و پچڕانی کارەبا بەردەوام بێت، ها؟بەرەنگاریی سەرۆك دەکەن؟

دوژمنایەتیی وڵات دەکەن؟ دەتانەوێت بەهەر شێوەیەك بێت رێگە لەسەرکەوتنی بڕیارە مێژویی یەکە بگرن؟ بەڵام دڵنیابە هەرگیز ئەوە رونادات.

دکتور لیقا وەک سەربازێک رەپ و راست بەرزەپێ هەستاو بەتورەیی یەوە وتی: هاتم لەبەر مافی هاوسێ یەتی ئاگادارت بکەم،دوبارەی بکەیتەوە پەیوەندی بە بەرپرسانەوە دەکەم.ئینجا بەر لەوەی بڕوات و درگاکە بداتەوە بەیەکدا وتی زۆر بە داخەوە بۆ تۆ!

مەهدی هێشتا هەر دانیشتبو، لەجێگەی خۆی وشك بوبو .. ئەمە چییە،چی قەوماوە،چۆن،بۆ؟میدیاکان، روداوەکان و نەخشەو رێڕەو وئاراستەی روداوەکان بەشێوەی تەمومژاویی وچاوبەست وخۆڵکردنە چاوی جەماوەر دەنوسن..ئەگەر ئەوەی دەوڵەت

دەیكات بە خۆی و دەزگاكانی و میدیاكانی یەوە لەپێناو سەپاندنی ئەم زستانەدا وەك ئەوەی راستی یەك بێت و زستان لەكاتی خۆیدا هاتبێت، ئەی هەڵوێستی دكتۆر و هاوپیرو هاو هەلوێستەكانی چۆن لێكبدەینەوە؟ ئایا باوەڕ دەكەن،یاگەرەكیانە باوەڕبكەن؟ یا نایانەوێت هەست بەوەبكەن كەهیواو ئاواتەكەیان بەدەستی رابەرەكەیان  نەهاتنەدی و ئەوەش دوچاری كەللە رەقیی و خۆخەڵەتاندنی كردون؟ئەی هەتا كەی بەمجورە دەمێننەوە و گاڵتە بەو راستیی یە دەكەن كە خۆر وگەرماو ئارەقەو لینجاوەكەی ئەنگوست بەچاویاندا دەكات یا ..؟ ئاخۆ ناتەواوی یەكە لە خودی مامۆستا مەهدی دایە، توشی نەخۆشی یەك بووە؟ ئایا بەڕاستی زسستان هاتووە و كەش و هەوا ساردە؟ مەهدی بەناچاری خۆی گلۆڵە

کرد وەك ئەوەی هەست بەسەرما بکات،چۆقەی دانەکانی دێت، هەموگیانی لەسەرماندا دەلەرزێت ! کابرا لەرزی لێهاتووە،بەپەلە چو دو بەتانێی هێناو پاڵکەوت و خۆی داپۆشی،بەڵام هەر چەند خولەکێك بەرگەیگرت،بەتانێکانی لادا، هەناسەبڕکێی پێکەوتبو، ماوەیەك دانیشت،نەخێر شانۆگەریی و خۆخەڵەتاندنیش کەڵکی نییە و راستی یەکە ناشارێتەوە .ناکرێت راستی یەك کەوەك خۆر دیارە،بەهۆی کوتەك بەدەستەکانی دەوڵەتەوە بەسەرماندا سەپێنراوە، بەجل و بەرگی ئەستوری زستانە پەردەپۆش بکەین.. تەماشایەکی ئامێری فێنککەرەوەکەی کردو وتی تەنانەت لەکونی ژورەوەش.. ؟جاران باوەشێنێکی هەبو، لەو دواییانەدا بەخشی بە خوشکەکەی،خۆ ناتوانێت پانکەیەکیش بکرێت،بە فرۆشیارەکە

بڵێ چی، هەرچەند دوکاندارێکیش لە میصردا نییە بوێرێت ئێستا پانکە بفرۆشێت.. هەستی بە تێکشکان وئازار و پەژارەیەك کرد پێشتر هەستی پێنەکردووە..فرمێسکەکانی و دڵۆپەی ئارەقەی روی تێکەڵ بەیەکدی دەبون هێلکاری یەك بنەخشێنن..هێڵكاریی تراژیدیای ژیان و گەوجاندنی مرۆڤ.

*********

چیرۆکی چوارەم

پاشا

سوک و ئاسان جانتاکانی خستەسەر رەفەکە و دانیشت. لەپەنجەرەی شەمەندەفەرەکەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد،ئاپورەی خەڵکەکە بەهەمو لایەکدا دەهاتن و دەچون،ئەوانەی سەفەریان دەکرد، کۆڵهەڵگرەکان،کرێکارانی وێستگەکە و فرۆشیارە دەستگێرەکان

تێکەڵاوببون و بەیەکدا دەهاتن، پەیکەری جەستەیەکی زەبەلاحیان پێکهێنابو، لەبری سەرێک هەزاران سەری هەبو لەژێر تابلۆیەکی گەورەدا، کە لەسەری نوسرابو وێستگەی شەمەندەفەری جیزە. لەنێو ئەو حەشاماتەدا سەری کەسێکی ناسراو سەرنجی راکێشا، چاوەکانی بۆتیژکرد و ورد ورد بەدوی جوڵان و گەڕانیدا دەگەڕا بزری نەکات.. ئەوەتا نزیک دەبێتەوە وهاتە پێشەوە سواری هەمان شەمەندەفەر دەبێت و دەچێتە فارگۆنەکەی پێشترەوە، ئەمیش بەپەلە خۆی گەیاندێ، بینی بەهاوکاری کەسێک جانتاکانی دادەمەزرێنێت، کە نزیک بووەوە بروسکەی ئەم رستەیەی هاتەبەرگوێ(ئێمە ناسراوین بە خزمەت و پێشدەستیی، بەتایبەتیش بۆخاتونە جوانەکان)ئەم لێرەوە هەستیدەکرد، خەریکە دڵی لەسینەی دەردەپەڕێتە دەرەوە،بەڵام چاوەڕوانبو هەتا ئەو دانیشت وبەپەلە خۆی

گەیاندە بەرامبەری و وشەی لەیلا لەزاری یەوە باڵیگرت!کچەکە سەری بەرزکردەوە،بەڵام کاردانەوەیەک نەکەوتە سەر روی، چەند چرکەیەک هەردوکیان بێدەنگ لەیەکتریان دەڕوانی! تۆبڵێی خۆی نەناس بکات؟ئینجا بەساردی یەک و زەردەخەنەیەکی دەستکردەوە گوتی مەروان؟

ئیتر مەروان زمانی بەربو،لەیلا بۆ؟ بۆ بەتەنیا جێتهێشتم،بۆ وەهات لێکردم؟ من بەدڵ خۆشمدەویستی، ئامادەبوم هەمو شتێک لەپێناوی تۆدا بکەم، بۆ دیار نەمایت؟ لەیلا من شایانی ئەوەنەبوم، بۆ واتکرد؟

لەیلا هەروا حەپەسابو، بەدوچاوی ئەبڵەقەوە،بەسەرسوڕمان و گومانەوە لێیدەڕوانی.

****

نزیکەی نۆ مانگێک بەرلەم ساتەوەختە،مەروان کە خوێندکارێکی قۆناغی سەرەتایی کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی قاهیرە بو، هێشتا هەفتەیەک بو خوێندن دەستیپێکردبو، وەک هەموخوێندکارێکی نوێ هەست وهۆشی لای مامۆستاکەی بو،سەرەقەڵەمی دەنوسی کاتێک چرپەی دەنگێکی بیست:تکایە بەیارمەتیت. کە ئاوڕیدایەوە بینی خوێندکارێکە بڕێک دورلای دەستە راستی یەوە..

مەروان : بەڵێ، فەرمو.

لاوەکە : وانەکە دەستیپێکردووە؟

مەروان : تەماشایەکی مامۆستاکەی کردو وتی بەڵی.

لاوەکە: بەڵێ دیارە دەستیپێکردووە.

ئەم کە ئەو وەڵامەی بەلاوە سەیربو،بینی لاوەکە هاتە تەنیشتی یەوە دانیشت، چەرخێکی ئەمەریکایی مارکەی (زیبو)ی بەدەستەوەبو، بەدەم قسەکردنەوە پەیتا پەیتا دایدەگیرسان و دەیکوژاندەوە.

لاوەکە: ببورە ناتوانم کەسێک نەدوێنم کەببیینم بەتەنیا دانیشتووە.

مەروان حەز لەوجۆرە تێکەڵاوبونە ناکات وکەڵک لە وانەکەش وەرناگرێت،ئینجا کەسێکی نامۆ،نەدیومە و نەدەیناسم. لاوەکەش هەستیکرد..

73 لاوەکە : بەر لە ئەزمونەکان، فایلی موحازەرەکان هەر وەک باران برنج دەبارین،بەرنامەکانیش گۆڕانیان بەسەردا نایەت ، ئەوەی لەوێندەریش راوەستاوە مامۆستایە،نەک بەڕیوەبەری قوتابخانە،خەم مەخۆ. ئینجا دەستی درێژکرد و گوتی یونس

ی برات، قۆناغی سێیەمی بەشی بیناسازی.مەروان بەنابەدڵ دەستی بۆدرێژکرد بێئەوەی وشەیەکی لەدەم دەرچیت!

یونس : ئەی تۆبەڕیز ئەندازیارباشی؟

مەروان بەناچاری : خەڵکی (بوحەیرە) م .

یونس : چاکترین کەسەکان لە شاری زانکۆ نیشتەجێن،زۆریک لە دۆست وئازیزانم لەوێ دەژین، تۆش لەوێ نیشتەجێیت؟

مەروان : نەء، فلاتێکم لە گەڵ هاوڕێ یەکدا گرتووە، ئەو لە کۆلێژی چارەسەرە سروشتی یەکانە.

یونس : لەکوێ؟

مەروان زۆر پەستبو لەم یەکترناسینە نابەدڵە، بەڵام بەهۆکاری تەمەن ونامۆیی ودورکەوتنەوەش لە کێشەو ئاژاوە،ددان بەخۆیدا دەگرێت، بەڵام یونس کۆڵنەداو

بەدوچاوە شینەگەورەکانی یەوە هەردەیویست بزانێت.

مەروان : لە ناوچەی فەیصەڵ، شەقامی مەنفەلوتی.

یونس : ژمارە چەند؟

مەروان زۆر بەبێزاری وتی86 . ئەو جۆرە بێزاری یە یەکێکە لە چەکەکانی دەستی لەبری روبەڕوبونەوە.

بەڵام هەرئەوەندەی وانەکە تەواوبو، یونس هەستاو زۆر بەگەرمی و دۆستانە وتی شەرەفمەندبوین میرۆ!

مەروان کە لە پشتەوە تەماشای دەکرد، لاوێکی باڵابەرزی لاوازبو، رۆشتنەکەی لە رێکردنی سەرخۆش دەچو..
کەگەیشتەوە،ماڵەوە، باسەکەی بۆ مورادی هاوڕێ و هاونشینی گێڕایەوە، موراد بە

شێوەزاری گوندنشینان گوتی ئەم میصرییانە نالەبار وئێسک قورسن.[5]

سێ رۆژ دواتر،مەروان دەهاتە خوارەوە، کەسێک بانگیکرد، کە ئاوڕیدایەوە یونس بو، تورەکەیەکی گەورەو قورسی بەدە ستەوە بو.

یونس : میرۆ چۆنیت؟

مەروان : زۆر پەست بو، بەبێزاری یەوە وتی باشم.

یونس نەیبردە سەرخۆی و بەڕویەکی خۆشەوە وتی هەتیو خزمەتت دەکەم !(6) هەربەدەم قسەکردنەوە تورەکەکەی پێدا و گوتی ئەوە خواردنیماڵەوەمانە، سینی یەک پەتاتەوگۆشت وبرنج و زەڵاتەیە، تورەکە زەردەکەش (قەراقیش)ە بۆ بەرچایی.[7]

مەروان بێئەوەی ورتەی لەدەم دەرچیت تۆرەکەکەی وەرگرت.

یونس : دایکم هەتا درەنگانێکی شەو خەریکیبو.

مەروان: هەستی بەکسپەیەک دەکرد بە ناخیدا دەچزا، ئەم کابرایە چەند خۆهەڵقورتێن و بێزەوق و ئەتەکێتە، بەڵام بەناچاری زمانی هاتە گۆ: پێویستی بەو هەمو ئەرکە نەدەکرد ..

یونس قسەکەی پێدەبڕێت :بێبەڵابیت، حەیفت نەکرد! ئینجا بەستەیەک کاغەزی پێدا و گوتی ئەوە، ئەو وانەیەیە(موحازەرە) کە ئەورۆژە بەهۆی یەکترناسینمانەوە بەسرتا تێپەڕی، نەوەک بڵێیت حاڵێ یا حسێبێ.

مەروان نەیدەزانی بڵێت چی، هەوڵیدەدا روخۆشیی و سوپاسگوزاری یەک ۆێسان بدات بپ سڕینەوەی ئەو هەمو ساردی و سڕی و وشکی یەی بەرامبەر یونس نواندبوی.

پەیوەندی یەکانیان بەردەوامبو،لە گۆڕەپانی زانکۆ، لە کافتریاکە یەکدی یان دەبینی، بەڵام بەوجورەی کە موراد ئامۆژگاری کردبو، پەیوەندی یەکە لە سنورێکدا بهێڵێتەوە.

رۆژێک مەروان لە یونس دەپرسێت، کاک یونس تۆ کە لە قۆناگی سێیەمیت چۆن دێیتە هۆڵەکانی قۆناگی سەرەتایی؟

یونس : من هەمیشە حەز بەگەڕان وناسینی هاوڕێی نوێ و بەتایبەتیش خوێندکارانی نوێ دەکەم کە پێویستی یان بەهاوکاری هەیە، براشت لە خزمەتدام. دوای مانگێک گۆڕانێکی بەرچاو بەسەر پەیوەندی ئەو دو هاوڕی یەدا هات، کاتێک مەروان هەواڵی مەرگی یەکێک لەمامەکانی پێگەیشت و ناچاربو بگەڕێتەوە بۆ پرسەکەی لە (بوحەیرە)هەرچەندە هەمان رۆژ ئەزمونی ساڵانەی پراکتیکیشی هەبو.. مەروان شانی

دابووە ژێر تەرمەکەی مامی بەرەو گۆڕستان کە یونس لەدوایەوە وتی ئەو خێرە بەمنێش بگات.

یونس ئەو رۆژە هاوبەشیی پرسەو ماتەمی خێزانەکەی کرد و بە مەروان دەڵێت هەواڵپرسیم کردیت، هاوڕێکانت وتیان بەهۆی پرسەوە گەڕاویتەوە. مەروان کە گەڕانەوە یونس لە مەروان دەپرسێت دەزانیت ئەنجامی ئامادەنەبونت لە ئەزمونی ئەو رۆژەدا چییە؟ مەروان لەژێر لێوەوە وتی نازانم!بەڵام یونس بە پۆزێکەوە وتی سبەینێ لەکۆلیژ دەتبینم.

کە یەکتریان بینی،یونس هەروەک ئەوەی باوکی بێت دەستی مەروان دەگرێت و دەیبات بۆ نوسینگەی مامۆستای ئەو وانەیەی کە مەروان رۆژی تاقیکردنەوەکە ئامادەنەبوبو. یونس لەبری مەروان قسەی دەکرد و رونیکردەوە کە کارێکی ناچاری بووە.. ئینجا

پەیوەندی بەکەسێکەوەکرد و تەلەفەنەکە دەداتە دەست مامۆستاکە و هەرزو ئەوەش دەرکەوت کە ماموستاکە زۆر شادمان بو بەو پەیوەندی یە لەگەڵ ئەو کەسەدا کە لەتەکیدا دەدوێت. لەکۆتاییشدا بەمەروان دەڵێت شتەکە ئاسانەو هەر پێویستی یەکت هەبو، ئێرە بە نوسینگەی خۆت بزانە!

لەو رۆژەوە مەروان هەستیکرد کە یونس خوێندکارێکی ئاسایی نییە، هەرچەند پتر تێکەڵاودەبون و پەیوەندییا بەهێزتر دەبو،ئەو هەستەش هەڵدەکشا و هەڵسوکەوتیشی تەمومژێکی بەسەرەوە دەبینرا، تەلەفونی زۆر بەکاردەبرد، هەمو شطێکی لەبارەی ماموستاکانەوە دەزانی ،لەناکاو چەند رۆژێک نەدەبینرا .. رۆژێک کە پێکەوە پیاسەیان دەکرد، پەنجەی بۆ مامۆستایەک درێژکرد و گوتی ئەوە ئافرەتێکی سەماکاری مارەکردووە لە شەقامی هەرەم نیشتەجێ یە. جارێکێشیان

گوتی : تەماشای ئەو خوێندکارە بکە، هاوڕی یەکی خۆی بەسەریەوە گیرا،مەروان تۆ جارێک لەگەڵ کوڕێکدا نەخەوتویت؟

وەک دابونەریتی گوندنشێنان،کە مەروان لە دیدەنی ماڵی باوکی گەڕایەوە، هەندێک خواردنی هێنابو،بۆ نیوەڕۆخوانێک یونس بانگ دەکات بۆ خواردنی برنج بە مراوی. هەر لەو بۆنەیەشدا یونس و موراد یەکتریان ناسی، هەرجەند هیچکامیان بەو یەکتر ناسینە شادمان نەبون، بەڵام یونس نەیبردە سەرخۆی و ئاسایی وەریگرت و گاڵتەو پێکەنینی لەگەڵدا دەکردو لاسایی قسەکانی دەکردەوە بە شێوەزاری گوندنشینان. کاردانەوەی مورادیش هەرئەوەبوبەناچاری بڵێت من دەچم سەرخەوێک دەکەم.ماڵەکە یەک ژوری نوستنی تێدابو، بۆیە مەروان بە یونس دڵێت با ئێمەش بچینە دەرەوە پیاسەیەک بکەین و موراد بخەوێت، بەڵام یونس هەر هەستایە پێ

و جووه سەرجێگە خەوەکەی موراد، خۆی لێدرێژکردوگوتی منیش دەخەوم!
جگە لەو شێوازی هەڵس وکەوتە بێشەرمانەیەی یونس، هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەشیان نەدەکرد شەویش بمێنێتەوە، بۆیە موراد تەماشایەکی پڕ لە خەشم و رق وتۆڕەیی یونس دەکات، هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێت و پشتی تێکرد. مەروانیش وەک کارەبا گرتبێتی، نەیدەزانی چیبکات، چاکەی یونس بەسەریەوە دەستی بەستبو، بە تۆنی دەنگێک کە هیچ هەستێکی دۆستانەی تێدانەبو، گوتی ماڵ ماڵی خۆتە!هەر بەڕاستیش ماڵ بووە ماڵی خۆی وچەندین جار لەوی دەنوست، هەر بەوەشەوە نەوەستا،چەند جارێک هاوڕێشی دەهێنایەوە، خواردنیشیان دەخوارد وپولێکێشیان نەدەدا، لەهەمو ئەوانەش خراپتر خۆی کردبووە کەڵەگا،ویستی خۆی دەسەپەناند بەسەریاندا،کە دەیویست بنوێت دەبو ئەوانیش

گڵۆپ بکوژێننەوە!بەیانی یەکیان سپێدە گەیشتە سەریان، پەیتا پەیتا زرڕ و هوڕ لەدەرگای دەدا،مەروان بەئاگاهات ودرگای کردەوە، یونس بەتۆڕەیی گوتی مردون؟ کاژێرێکە لەو بەردرگایە وەستاوم.

موراد هیچی بۆنەدەکرا، داخی دڵی خۆی بە مەروان دەڕشت و هانیدەدا هەڵوێستی هەبێت بۆ کۆتاییهێنان بەئەم گاڵتەبازاڕو سوکایەتی پێکردنە.مەروان لەو بێزارتربو، بەڵام خۆی دەپاراست لەروبەڕوبونەوەی یونس، بەتایبەتیش کە بینیبوی جۆن لە شەڕدا دەبێتە دڕندەیەک،وەک ئەو رۆژەی بەرامبەر چەند خوێندکارێک بەشەڕ هاتن، دەدوازدە زەلامی لەدەرەوەی زانکۆ هێنابو،قایشی پانتۆڵەکەی کردەوە، بێبەزەیی لێیدەدان وجوێنی سوکی پێدەدان.

مەروان تۆقیبو، پارچەیەک مقەبا بو،ناتوانێت ورتەی لێوەبێت، تەنها ئەوەندەی لەدەست دێت،ئاواتەخوازبێت رێکەوتێک روبدات وبێ هاوبەشیکردنی خۆی ئەم بەڵایەیان لەکۆڵ بکاتەوەو رزگاریان بکات!

رۆژێک مەروان لەتەنیشت یونسەوە راکشابو،موراد گڵۆپەکەی داگیرساند، یونس هاواریکرد کوڕم بیکوژێنەرەوە!

موراد: بۆشتێک دەگەڕێم.

یونس : ئێستا نا، دوایی بۆی بگەڕێ! مەروان خۆیکردبووە نوستو، زۆریش دەترسا.

موراد: ئێستا پێویستمە.

یونس: لێفەکەی لەسەرخۆی لەداو هەستایەسەرپێ و دەیقیژاند: وتم بیکوژێنەرەوە، کەڕیت یا؟

مەروان لە نێو پێخەفەکەیدا دەلەرزی، لەدڵی خۆیدا دەیوت بریا موراد گەورەی نەکات، بەڵام پەلاماری یونس دەدات و دەبێتە شەڕ، مەروانیش هەر ناوبژی پێدەکرا، هەرچەند یونس جنێوی زۆر ناشیرینی دەدا، موراد رویکردە درگاکە، سەیریکی پڕمانای مەروان دەکات و بەتۆرەیی دەچیتە دەرەوە.مەروان نەیدەزانی چی بڵێت و چی بکات، هەستی بەشەرمەزاریی و بێدەسەڵاتی دەکرد، کە یونس جگەرەیەکی داگیرساندو گوتی هەتیوی ژنە لەشفرۆشێک!

مەروان بێمروەتی نواند،ئەو سۆکایەتی یە بەهاوڕێکەی کرا،ئەو هەمو جنێو وقسەسوکانە دەماری نەجوڵاندو خۆیکردەوە بەژێر لێفەکەیدا، یونس یش دو رۆژ دیارنەبو، سەری سێهەم رۆژ لەبەردەم کافتریاکەدا وەستابو چاوەڕوانی مەروان ی دەکرد، کەهات پێیگوت وەرە کارێکی گرنگم پێتە، چون

بۆلای ئوتومبیلیکەوەو گوتی سواربە، ئوتومبێلی هاوڕێ یەکە، بەدەم رێگاشەوە گوتی لەگەڵ ئافرەتاندا چۆنی؟ موراد هەرچەند چاوەڕوانی ئەو پرسیارەی نەدەکرد، بەڵام لەوەچاکتربو کەباسی شەڕەکەی بکردایە.

مەروان : ژنان؟ هیچ.

یونس : چۆن هیچ، هاوڕێ یەک، دۆستێکت نییە؟

مەروان بیریهاتەوە تەنها لەگەڵ (ئیسرا)ی هاوپۆلیدا کە کچێکی دەستپێسخەرو نەترسەو کاتێک ئەمی ماچدەکرد ، ئەم ئارەقەی شەرمی دەردەدا!

مەروان : من تەنها بایەخ بەخوێندنەکەم دەدەم،گوێ بەو شتانە نادەم.

یونس : ئەوە چ وەڵامێکی نمونەیی یە، مەگەر پیاونیت؟

مەروان :بەچاوی گلەیی یەوە سەیرێکی یونس دەکات، بەڵام ئەو گوتی یونس ی برات منەتبارت دەکات، بۆئەوەی نەڵێیت لە شتێک بێبەشم کردویت!

مەروان تێنەگەیشت، وتی چۆن؟

یونس : دوای تاوێک دەزانیت، خۆت بەرەڵاکەو بژی!

ئەو رۆژە هەتا ئێوارە بەنێو شاردا دەگەڕان، یونس لەبەردەم دوکانێکدا رایگرت و تەلەفونێکا کرد، دوای دە خولەک دوکچ هاتن و سواربون. مەروان هەرچەند پەشۆکابو، بەڵام لەسەرێکیشەوە حەزیدەکرد..ئەوان گاڵتەو قسەی خۆشیان دەکرد ، ئەم هەر بێدەنگ بو. یونس دەیویست مەروان هاوبەشی بکات، یەکێک لە کچەکانی هاندا بیجوڵێنێت، کچە بێسەرمانە پێکەنینێکی بەرەڵایانەی بەرویدادا، بەڵام کەدیتی بێدەنگەو شەرم

گرتویەتی، دڵنیابو کە شەرم دەکات،ئەگەرنا وەک دەڵێن(دەیخورێ و دەشیئێشێت)بەخەیاڵیش کوڕیکی دیکەبو،وەهاو وەهای دەکردونوکتەی دەگێڕایەوە و کچەکان قاقا پێدەکەنین و سەرسامی کردبون، بەڵام لەراستیدا کشومات بێدەنگ دانیشتبو!

مەروان درەنگانێکی شەو، دوای خەیاڵ پڵاوێکی خۆش گەڕایەوە،بەڵام هەر کە درگاکەی کردەوە راچەنی، توشی شۆک بو، کەلوپەلی ماڵەکە شکابون و بەسەریەکدا کەوتبون، جل و بەرگ بەوناوەدا بڵاوبوبونەوە، موراديش ديار نييە. بەڕاستی کارەساتە، بەڵام کێ ئەمەی کردووە، چیبکات، پەنا بۆکێ ببات، مەروان بدۆزێتەوە؟ تەلەفونی بۆ یونس کرد، لەوەڵامدا گوتی من سۆراخی دەکەم. دوای کاژێرێک وتی پۆلیس ئەو کارەی کردووە، ئەو جۆرە کارانەش لە فلاتی خوێندکاراندا زۆر رودەدەن.

ڕۆژی دواتر موراد هاتەوە،چڕوچاوی تێکچوبو، ڕەشداگیرسابو، شوێنەواری ئاوسان و شینبونەوەی پێوەدیاربو،مەروان بەگەرمی و سۆزەوە بەرەوپیری چو،بەڵام مەروان گوێینەدایە و بەساردی و دڵگرانی یەوە گوتی، لێمگەڕێ کارم هەیە. دەمودەست جانتایەکی گەورەی داگرت و بەرگ وپۆشاکی خۆی تێئاخنی. مەروان پرسی: موراد چیبووە، من تێناگەم، بەڵام وەڵامێکی نەبیست. مەروان بەپەرۆشەوە گوتی: موراد بۆ وەڵام نادەیتەوە، من گوناهم چییە؟ سەرم سوڕمابو کە تۆ دیارنەبویت، ناچاربوم پەیوەندی بە یونس ەوە بکەم، ئەو ئاگاداریکردم.. موراد کە گوێی لە ناوی یونس بو،وەک کارەبا گرتبێتی، قیژاندی بەرویدا، یونس؟ ئەو یونسەی سەپاندت بەسەرماندا و ئاوهای بەمن کرد؟ تۆ ئەوەندە گێلێیت نازانیت لەگەڵ ئاسایش کاردەکات و

لەنێو خوێندکاراندا بە(چۆلەکەکە) ناودەبرێت؟ بەداخەوە بۆ بێمروەتیت.

مەروان حەپەسا، ئەبڵەق بوبو، ورتەی دەدەکرد، چاوی بەدوای مورادا دەگێڕا کە جانتاکەی هەڵگرت و چووە دەرەوە، بەخۆیدا چووەوە،هەربەڕاست ئەوەندە گێل و کاڵفامم،ئەوە موڕادم لەدەستدا، ئەی لەگەل یونس دا هەڵوێستم چیبێت، روبەڕوی ببمەوەو ئەگەر پێویستیشی کرد پڕشەقی بکەم؟ئای کە رقم لێیەتی! درگاکە دانەخرابو، یونس خۆیکرد بەژوردا، ئای ئەوە چییە، ئەم ماڵە بۆئاوها بەسەریەکدا کەوتووە، موراد هاتەوە؟

مەروان هێشتا ترس و دڵەڕاوکە بەرینەدابو، قسەکانی موڕادیشی نەدرکاند،ماڵەکەیان کۆکردەوەو شتەکانیان خستەوە شوێنی خۆی و شەوێش یونس لە پێخەفەکەی مورادا نوست،بەڵم مەروان خەونەچووە چاوی، هەتا

بەیانی هەر گێنگڵی دەداو ئەمدیە ئەودیوی دەکرد، شەرمی بەخۆی دەهات، قێزی لە بێدەسەڵاتی بێهەڵوێستی خۆی دەهاتەوە.. ،ئەی چیبکات؟ بیرۆکەیەکی بەبیرداهات ئەو خەمە گەورەیەی بیربەرێتەوە، لە جێگەکەی هەستاو کەدڵنیابو بو، یونس خەوتووە،بێ خشپە تەلەفونەکەیی هەڵگرت و بەلیستی ناوەکاندا دەگەڕا،ناوی لەیلا پاشا سەرنجی راکێشا، تەلەفونەکەی دانایەوەو ئینجا ژمارەکەی لەیلا پاشا ی لە تەلەفونەکەی خۆیدا تۆمارکرد. ئەمە سەرکێشی یەکی خۆشە بۆ سەرەتای چیرؤکێک کە خۆی دەبێتە پاڵەوانەکەی.. بۆ یەکمجار لە ژیانیدا هەستی بە ئازایەتی یەک کرد، لەلایەکەوە ترسی پەیوەندیکردن بەکچانەوە شکا و لەولاشەوە تۆڵەی خۆی و موراد لە یونس دەکاتەوە! بەڵام تەزویەکی سارد بەسەرتاپای جەستەیدا هات، لەرزی، پێویستو زۆر وریابێت و سیناریۆیەکیش

ئامادەبکات بوکاتێک ئەگەر یونس هەستیکرد ژمارەی لێدزیوە. ئێ، کەی پەیوەندی بە لەیلاوە بکات و چۆن دەستپێبکات و چی بڵێت.. بەچەندین باردا هێنای و بردی و چەند سیناریۆیەکی پەراوەکرد هەتا خەوی لێکەوت.

مەروان : ئێوارە باش.

لەیلا: ئێوارەباش، کێی؟

مەروان : من مەروانم لە کۆلێژی ئەندازیاری..

لەیلا: قسەکەی پێبڕی: کام مەروان؟

مەروان: ببورە تۆ نامناسیت، هەروەهامنیش تۆناناسم،دەمەوێت یەکتر بناسین.

لەیلا: ژمارەی منت لەکێ وەرگرتووە؟

مەروان: بەڕێکەوت لەتەلەفونی کەسێکدا بینیم بێئەوەی ناوێکی لەپاڵدابێت، وتم بەختی خۆم تاقیدەکەمەوە!

لەیلا: جوانە.

مەروان : خاتون باوەڕبکەن کەموزور ناتناسم، دەنگت زۆر ناسکەوکچێکی بەڕێزیت، تەنها دەمەوێت یەکدی بناسین و ببینە هاوڕی ،دڵنیابەو پەیمانت پێدەدەم أوان نابیتەوە.

لەیلا : ژمارەکەت چۆن دەستکەوت؟

مەروان : جا ئەوە چ گرنگی یەکی هەیە، کە من سوێندت بۆ بخۆم، ناتناسم و نازانم کێیت، خوێندکاری ئەندازیاریم، تاقیمبکەرەوە، ئەگەر بەدڵت نەبوم یا هەڵەیەکم کرد، هەرچی حەزدەکەیت بیکە.

لەیلا : ببورە ناسیاوی ناکەم.

مەروان ماوەی سێ هەفتە بەردەوام هەوڵیدەدا، بەڵام هەر (نەخێر) ی وەردەگرت،دواتر وردە وردە لەیلاشی دەهێنایە قسەو بەوپەڕی

تواناشەوە هەوڵیدەدا وەک لاوێکی بەڕێزوسۆزدارو دڵسۆزو ڕۆحسوک دەربکەوێت.. خۆ ئەگەر جارێک لەیلا بەنوکتەیەکی بخەندایە، ئیتر کۆڕی تایەن وایدەزانی هەمو جیهان پێدەکەنێ و لەبەردەمیدا سەما دەکات! یا کاتێک پرسیاری لێدەکرد ئەو ڕۆژەی جۆن بەسەر دەبات یا گلەیی دەکرد بۆ درەنگ پەیوەندی کرد ، یا ئەو دەیوت چۆن لەخەو رابووەو بەرچایی خواردووە،چۆتە فرۆشگای پۆشاکی ئافرەتان، ئەوندە کاری تێدەکات هەتا دەگاتەوە ماڵەوەوخەو دەیباتەوە هەر دەیهێنێت و دەیبات و نازانێت بەسەر زەوی یەوەیە یا بە ئاسماندا دەفڕێت، بەختەوەری بەڕێوەیە، ئەم فریشتەیە ناوی لەیلا مەحمودە و گرنگترین شتە لە ژیانمدا.. خۆزگە دەمزانی شێوەی چۆنە، ڕۆخساری، بەژن وباڵای،ترسی ئەوەشی لەدڵدایە داوای یەکتر بینین بکات، چاکترە

پەلەنەکات، بەتایبەتیش کە چەند رۆژێکە یونس گۆڕی گومە، بەڵام خەیاڵی خاوە، یونس بەرویەکی ترش وتاڵەوە پەیدابو، ئەم دڵی داخورپا،موچڕکەیەک لە تەوقی سەری یەوە بەجەستەیدا گوزەریکرد و لەبنی پێیەوە دەرچو، بێئەوەی قسەیەک بکەن وتی وەرە سواربە و هیچ کامیشیان وتەیەکی لەدەم دەرنەهات هەتا گەیشتنە( ئەلمەقتەم)، ئەم تەلەفونەکەشی بێدەنگ کردبو، نەوەک لەیلا پەیوەندی بکات و دەستەکەی بکەوێتە رو.

یونس : مەروان کەسێک بەتۆی گەتووە من لە ئاسایش کاردەکەم؟

مەروان : خۆی گێلکرد، ئاسایش، نەء ، بەهیچ جۆرێک، ئاسایشی چی؟ بەڵام یونس بەگومانەوە سەیرێکی کردو گوتی بەڵام ئەوە راستی یە.

مەروان : واتا لەگەڵ ئاسایش دا کاردەکەیت؟

یونس : بەڵێ، بەڵام نەک بەو شێوەیەی تۆ بیری لێدەکەیتەوە یا خەڵک دەیڵێن. ئاسایش دەستگایەکی نیشتیمانی یە بۆ دژە تیرۆر و دوژمنانی گەل و وڵات. ئاسایش هەربریتی نییە لە ئەفسەرو سەرباز، بەڵکوپزیشک، ئەندازیار،نوسەر وجۆرەها توێژی کۆمەڵی تێدایە، تۆ بەوە مەخەڵەتی لەفیلمی سینەمادا دەیبینیت، ئاسایش زۆر لەوە قوڵترە کە تۆبەبیرتدا دێت، کارکردنیش تێیدا شەرەفێکی گەورەیە و دەست هەموکەس ناکەوێت. ئێستا دەبێت ئاگادارت بکەم کە دەمێکە بەپێی پلانێک لەژێر چاودیری یەکی توندا دانراویت بۆ دڵنیابون لە رەوتارو کردار وتواناکانت بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان.

لەوەدەچو مەروان هیچ تێنەگەیشتبێت، بەپەشۆکاوی یەوە وتی چاودێری چی و ئەرکی چی،ئەوە تۆ باسی چیدەکەیت؟

یونس: گویٚ بدەمن، تۆمندالٚ نیت،پیاویت و ئەوەی پێتدەڵیم زۆر گرنگ و نهێنی یە و لە بەرزترین ئاستەوە راسپێردراوم بۆئەنجامدانی ئەم کارە. ئەو ناوچەی نیشتەجێبونەی تۆدا چەند شانەیەکی نوستوی تیرۆریستانی تێدایە، ئامادەکاری بۆئۆپەراسیۆنێکی تێکدەرانەی گەورەدەکەن،چاکترین شوێنیش بۆچاودێریکردنیان فلاتەکەی تۆیە، کەدەبێتە یەکێک لە بنکە گرنگەکانی چاودێری وهەواڵگری بە بنکەی (ج)ناودەبرێت. لەوکاتانەدا کە پێشتر بۆت دیاریدەکرێن، کلیلی فلاتەکە لە شوێنێکی دیاریکراودا، دادەنێیت، ئەفسەرانی ئاسایش بەجلی سڤیلەوە سەردەکەون و ئامێرەکانی چاودێری ووێنەگرتن دادەمەزرێنن دەستبەکار دەبن.

مەروان لەناخیدا پێکەنینی دەهات، بەڵام کەدەیبینی یونس زۆر بەڕاستێتی،نەیدرکان.

یونس :مەروان پێویستە ئەرکەکە بەهەند وەربگریت، چونکە لەبەرزترین ئاستی نهێنی و مەترسیدایە و پێویستە گرنگی و نهێنیکاری رۆڵی خۆت باش بزانیت.

مەروان: کارەکە کە ئەوەندە گرنگ بێت، چاکتر وایە شوێنەکەم بگوێزمەوە.

یونس : نەء،پێویستە هەمو شتێک ئاسایی بڕوات وشوێنەکە کەسێکی ئاسایی دێدا بژی، ئەوەش بزانە تیرۆریستانیش چاودێری ئێمە دەکەن. من دەزانم تۆ پیاوێکی ئازاو بوێرو لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتی یە گرنگەدا دەبیت.
ئەمەی وت و مەروانی بەحەپەساوی و گومانەوە جێهێشت.

*****

لەژیانی گەلاندا روداو هەن مێژو دەگۆڕن، سەروبن هەڵیدەگێڕنەوە، لەژیانی مەروان یشدا دو روداو ژیانی ئەوکوڕەیان سەرلەنوێ

دیاریکردەوە، یەکەم ئەمە کارێکی نیشتیمانی پیرۆزە وبەخۆی و ماڵەکەیەوە بەشداری تێدا دەکات.

کلیلەکانی لە شوێنی دیاریکراودا جێهێشت و سواری پاص بو، بۆ شاری زانکۆ. کەدابەزی بینی یانس چاوەڕوانێتی، یەکسەر چونەژورەوە بێئەوەی کارمەندانی ئاسایش پرسیاریان لێبکەن،خۆیانکرد بەژورێکدا و جەختی لەوەکرد هەتا سبەینێ نەیەتە خوارەوە!مەروان بەسەرسوڕمانەوە پرسیاریکرد بۆ؟یونس لەوەڵامدا وتی ئەوە پلانی وەزارەتی ناوخۆیە بۆ پاراستنی ژیانت ، بێ چەندوچون ئەنجامیدە، هەفتەی دوجارە!

یونس هەندێک جار مەروانی دەکرد بە چاودێر بەسەر یەکێک لە خوێندکارێکەوە و راپۆرتێکی بۆ بنوسێت ئەو رۆژە چیکردووە. مەروان لەسەرەتادا زۆر دەترسا، بەڵام هێدی

هێدی شانازی بەوەدەکرد کە کارێکی گرنگ ئەنجام دەدات و کەسێکی گرنگە بۆیە وەزارەت پارێزگاری ژیانی دەکات، ئەمەش واتا کەسێکی گرنگە، پاڵەوانێکەو رۆڵێکی نیشتیمانیی پیرۆز و پڕشکۆدەگێڕێت. ئەم هەستە کاردانەوەی لە کردارو رەوتاریدا جێهێشت و ئاشکرا پێوەی دیاربو، بەپەلەو خێرا رێیدەکرد وەک ئەوەی کارێکی گرنگی هەبێت وخۆی وەک خەڵکەی دەورۆپشتی نەدەبینی، ئەم جیاوازە وبەوکارە گرنگانەی بۆ نیشتیمانی دەکات لەوان بەرزترە وهەرلە خەیاڵ خۆیدا سیناریۆی ئەو رۆژەی دەنوسی یەوە کو گروپە تیرۆریستەکە دەستگیر دەکەن و ئەمیش وەک یەکێک لە پاڵەوانە بەشدارەکان رێزی لێدەگیرێت و خەڵات دەکرێت.. ئیتر بە جۆرێکی دیکەش لە یونس دەڕوانێت، وەک هاوڕێ و هاوبیری تێکۆشان..

روداوی دووەم لەیلا بو، کە بەدڵ خۆشیدەویست وپانتاییەکی فراوانی ژیانی رۆژانەیی داگیرکردبو، وایدەزانی ئەویش وەک ئەم وێرانە.. پلانە نهێنی یەکە لەوەشدا یارمەتی دەدات لابەرامبەر لەیلادا بتوانێت هەستی دەرونی بەڕاشکاوی دەرببڕێت،ئەوەبو داوای یەکتربینینی لێکرد،بەڵام لەیلا وتی کاتم نییە،ئیتر دوجارو سێ جار کە دوبارەی دەکردەوە، لەیلاش بێذڵی نەکرد و لە کافترییایەک پێکەوە دانیشتن. مەروان لەیلای بینی زۆر لەوە جوانترە کە ئەو لە بیری خۆیدا وێنای کردبو، لەیلا سپی پێستێکی نەرم و ناسکۆڵەی چاوگەش و قژخاو.. ئیتر ۆر جار پێکەوە دادەنیشتن و کاتی ئەوە هاتووە داوای هاوسەرگیری لێبکات، ئەوە بۆ لەیلا سۆپڕایس بو، لەلایەکی دیکەشەوە چەند صاڵێک لە مەروان گەورەترە، مەروانیش دەیوت ئەوە ئاسایی یە وبیری لێمەکەرەوە.. بەڵێ

ئۆپەراسیۆنەکە بەسەرکەوتویی ئەنجامدراو ئەندامانی گروپە تیرۆریستەکە دەستگیرکران و ئەمیش وەک پاڵەوانێک لەنێو خەڵکدا دەردەکەوێت و هاوسەرگیری لەگەڵ لەیلای نازداردا دەکات و لەکۆشکێکی سەرو هەورەکانەوە دەژین!

*****

بەپێی لۆژیک ناتوانین ئەو روداوانە لێکبدەینەوە،رۆژێک مەروان دەڵێت حەزدەکەم فلاتەکەم ببینیت کە وەک سەرەتایەک دەبێتە هێلانەی بەختەوەریمان،کاتێک لەیلا پرسیاریکرد لەکێ یە؟ زۆر ئاسایی وتی 86 شەقامی مەنفەلوتی. لەیلا کە ئەوەی بیست، ئەو رووە گەشەی گرژبو، خێرا وتی کام نهۆم؟ نهۆمی شەشەم، فلاتی ژمارە/2 .لەیلا بەرزەپێ هەستا، وتی دەچمە تەوالێت و ئیتر نەگەڕایەوە!!

مەروان زۆر هەوڵیدا،بەردەوام پەیوەندی دەکرد، بەڵام وەڵامێک نەبو، خەریکبو تێکدەچو، نەیدەزانی چی رویدا،ئەک کچە بۆوادەکات؟نەیدەزانی چیبکات..تەنانەت پرسیاری نەخۆشخانەکان، بنکەی پۆلیس،دۆکانەکانی پۆشاک فرۆشتن، سالۆنەکانی ئارایشت، بەڵام سەرەداوێکی دەستنەکەوت. ئەی چیبو،زەوی قوتیدا، ئاسمان هەڵیکێشا؟

****

هەردوکیان لەشەمەندەفەرێکدا بەرامبەر یەکتر دانیشتون،مەروان لەشپرزەییدا هەناسەبڕکێی پێکەوتووە..

مەروان: بۆ؟

لەیلا: بەساردی یەکەوە چیت دەوێت؟

مەروان: دەمەوێت تێبگەم.

لەیلا : بەگاڵتەپێکردنەوە: هێشتا تێنەگەیشتویت؟

مەروان : نەء، چی تێبگەم؟

لەیلا : پرسیار لە یونس ۆ پاشابکە!

مەروان: یونس، یونس بۆ؟ چ پەیوەندی یەکی بەئێمەوەیە؟ ئەی پاشا کێ یە؟

لەیلا : ئەو پاشایەی تۆی راسپارد، من تاقیبکەیتەوە.

مەروان: ئەوە تۆ دەڵێیت چی، باوەڕبکە نازانم باسی چی دەکەیت!

لەیلا بەهەڵچونەوە: خۆت گێل مەکە، شتەکە رون و ئاشکرایە، دەئیتر بڕۆ، پاشا چی دیکەی دەوێت، تێری نەخوارد لەمن؟ کۆتاییپێهێناو تەواو.

مەروان : کۆتایی بە چی هێنا؟ لەیلا سوێند دەخۆم نازانم چی رویداوە.

لەیلا : هەموتان پیس وبۆگەن و خوێڕین.

مەروان : لەیلا تکایە باوەڕم پێبکە.

لەیلا : باوەڕ بەچی بکەم؟ ئەوە فلاتەکەی تۆنییە،چەند مانگێکە دەیدەیت بە پاشا من دەباتە ئەوێ؟

مەروان : کێ دەتباتە فلاتەکەی من؟

لەیلا : ئەوەش نازانیت؟ ئای، هەمومان پیسین،بەڵام تۆ لەهەمومان پیستریت،خوێریت.

لەیلا کچێکی لەشفرۆش بو،چەند مانگێک بولەگەڵ یونس یەکتریان دەناسی، رۆژێک پێیدەڵیت کە سەرهەنگی ئاسایش ئەحمەد غێتی دەیەوێ بیبینێت.ئیتر هەر ئەو بینینە بو، بەوهۆیەوە کابرا ناسراو بو، هەرجارەولەشوێنێک، یەکێک لەو شوێنانەش فلاتی ژمارە/2 نهۆمی/6 تەلاری 86 ی مەنفەلوتی بۆ، کە مەروان تێیدا دەژیا.

پاشا ڕەوشتێکی سەیری هەبو، لەگەڵ هەر ئافرەتێک تێکەڵاوبوایە، چیتر نەیدەهێست لەشفرۆشی بکات، یالەگەڵ کەسێکی دیکەدا پەیوەندی هەبێت هەتا لێیتێردەبو. لەیلا وایدەزانی پاشا، مەروانی ڕاسپاردووە تاقییکاتەوە،هەرچەند لەوەدا زۆر هەڵەبو،مەروان لەدڵەوە خۆشیدەویست وبەنیاز بو هاوسەرگیری بکەن، لەیلاش بڕیاریدابو وەک ئافرەتێکی ئابڕومەند و سەربەرزو بەڕێزژیانێکی نوێ بژی.

مەروان وەک لاشەیەک دارزیبێت، شوشەیەک وردوخاش کرابێت، ئەو هەمو مۆتەکەیە سواری سەری بوبون، گرۆپی تیرۆریستان، شانەی نوستو،ئەرکی پاراستنی نیشتیمان، پاڵەوانێتی و ناوبانگ و شانازی،فلاتەکە،یونس،موراد،پاشا، ئەمانە هەمو تراویلکەبون.خۆی وەهادەهاتە بەرچاو، وەک ئەوەی ژیان زمانی لێدەردەهێنێت و

گاڵتەی پێدەکات و قاقا دەخەنێت. راستی یەکان ئاشکرابون،لەیلا لەباوەشی پاشادابو،ئەمیش سەرقاڵی ئەرکی پاراستنی وڵات بو لە تیرۆریستان ودواجار میدالیای شانازی دەکەن بەبەرۆکیدا،بەڵام زۆر هەڵەبو، ئەو تۆپێک بو،هەمو گەمەیان پێدەکرد،پاشاو یونس ئێستا دانیشتون بە گەوجێتی یەکەی پێدەکەن و پلانێکی نوێ دادەنێن بۆ دو نێچیری نوێ. مورادی هاوڕێشی پشتی تێکرد.

مەروان دەیویست شەپازلەیەک لە بنا گوێی لەیلا بسرەوێنێت ولەشەمەندەفەرەکە خۆفڕێبدات و بگاتە لای یونس پاشا، سەروگوێلاکیان بشکێنێت وهەموشتەکان بسڕێتەوە کەرویاندا، حەزیدەکرد خۆی بهاوێتە ژێر شەمەندەفەرەکەوە، دەیویست زۆر شت بکات، بەڵام هیچی بۆنەکرا.

********

ژێدەرەکان:

1 - پلانی پێنج صاڵە : لە وڵاتانی وێران و دواکەوتەدا، ئەوروپایی یەکان بۆ دڵنەوایی بە وڵاتانی جیهانی سێیەم ناویاندەبەن هەرچەند دەزانن لەپۆلێنکردندا لە جیهانی شەشەمیشدا جێگەیان نابێتەوە. سەرانی ئەو وڵاتانە کە زۆرینەشیان خوێنڕێژو دیکتاتۆرن، بۆچاوبەست و دڵخۆشکردنی گەل هەر پێنج صاڵ جارێک پلانێک بڵاودەکەنەوە بۆ بوژاندنەوەو بەگەرخستن و پێشخستنی کشتوکاڵ،پیشەسازیی،پەروەردەوفێرکردن و..هیچیشی لێصەوزنابێت!

2 - جونێ: دراوی بازاڕوبازرگانیی و کڕین وفرۆشتنە لە میصر.نرخەکەی بەرامبەر دۆلار،دۆلارێک دەکاتە نزیکەی حەڤدە جونێ و

نیوە .نوسینی وشەکە بەوجۆرەی میصری یەکان دەیڵێن بەکوردی ئەستەمە بنوسرێت!!!

3 - مکورٍ: پێداگرتن لەسەر قسەیەک، کردارێک یا هەڵوێستێک.

4 - بەرسف:پەرچەکردار، وەڵامدانەوە، بەرپەرچدانەوە.

5 – ئەم میصرییانە نالەبار و ئێسک قورسن، دامناوە لەبری ( هم المصاوره بجحين و دمهم ثقيل).

6 – هەتیو خزمەتت دەکەم ، بەگونجاو دەبینم بۆ(عامل معاك واجب ابن الحرام)

7 – قەرافیش : ماسی کارا ، تێکەڵ بە ئیشی هەویر دەکرێت بۆ بەرچایی!

********.

بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر:

1 - پانۆڕامای دیرۆکی دێرین و نوێی کورد، بەرگی یەکەم، 2017  سلێمانی - کوردستان

2 - پانۆڕامای دیرۆکی دێرین و نوێی کورد،بەرگی دووەم،2017 سلیمانی - کوردستان

3 - پانۆڕامای دێرۆکی دێرین و نوێ کورد، بەرگی سێیەم،2017 سلێمانی – کوردستان

4 - سەرنجێک لە کاژیک 1959 پێشخان و پاشخانەکان،چاپی یەکەم(ئەلەکترۆنی)،2016 ئەڵەمانیا

5 - سەرنجێک لە کاژیک 1959 پێشخان و پاشخانەکان،چاپی دووەم، 2017 کوردستان - سلێمانی

6 - سەرنجێک لە کاژیک 1959 پێشخان و پاشخانەکان،چاپی سێیەم، 2017 کوردستان – سلێمانی

7 - کوردستان بساتین بلا اسوار، ترجمە کتاب (رەوشی کوردان) لکریم حیسامی، 2013

8 - چەپکێک هۆنراوە بۆ شێخ ئیلیاس ،2019 کوردستان - سلێمانی

9 - سەرانی مافیا ، وەرگێڕان لە ئەڵەمانی یەوە،2019 کوردستان - سلێمانی

10- ژمارەیەکی زۆر وتاری مێژوویی،رامیاری، زمانەوانی ،توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لە گۆڤار و رۆژنامەوسایتە کوردی یەکاندا.

11 – زنجیرە وتاری سەرەقەڵەم و سەرەداوەکان، هەفتانەو بۆماوەی ساڵێک لە

گۆڤاری (تاراوگە)دا لە بری سەروتار بڵاودەکرایەوە.

بەرهەمەکانی نوسەرکە ئامادەن بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە:

1- گەوجاندن ، کۆمەڵە چیرۆکێکی تەنزئامێزە، وەرگێڕانە لە عەرەبی یەوە.

2 – رستێک گۆرانیی  فۆلکلۆری کورد، وەرگێڕانە بۆ زمانی ئەڵەمانی.

3 – پەندو ئامۆژگاری یەکانی یەسوس(یەسوس وەها دەدوا) وەرگێڕانە لە ئەڵەمانی یەوە بۆ کوردی.

4 - بلوێرژەنی جادوگەر، یازدە چیرۆکی ئەڵەمانی یە بۆمنداڵان، وەرگێڕانە لەئەڵەمانی یەوە بۆ کوردی.

5– 55 وتار لە بەرگێکدا.

6 - لەهەوارەوە بۆ هەندەران.

7- پوختەی خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە لە 32کتێب .

******************